Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.9

# چالاکی دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانی لە ئێران لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) لە دیدی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

**دلزار صالح صادق** / بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر،هەرێمی کوردستان،العراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Delzar Salih Sadiq
dlzar.sadiq@su.edu.krd

RECEIVED :13 /07/2024
ACCEPTED :16/03/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

وڵاتی ئێران لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918)دا سەرباری ئەوەی بە فەرمی بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند، بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی ستراتیژی ئەو وڵاتە ڕێز لە بێلایەنییەکەی نەگیرا و بووە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی شەڕ و ململانێیەکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکانی بەشداربووی جەنگەکە، یەکێک لەو دیاردانەی کە ئەو وڵاتە لەو ماوەیەدا بەخۆوەی بینی چالاکی هەواڵگری بوو، بەتایبەتیش چالاکی هەواڵگری ئەڵمانیا، کە چەندین نێردەی هەواڵگری ئەڵمانی لەژێر ناوی کونسوڵ و دیپلۆماتی سیاسی چوونە ئێران، هەر لەگەڵ چوونیان بۆ ئەو وڵاتە دەستیان بە چالاکییەکانیان کرد لە دژی هەردوو وڵاتی بەریتانیا و ڕوسیا، بۆ سەرکەوتنی پلانەکانیان پەنایان بۆ هەموو شێوازێکی جیاوازی شەڕی چەکداری و کوشتنی نێردە سیاسییەکان و پەلاماردانی کونسوڵخانەکان و ڕاکێشانی سیاسەتمەدار و کەسایەتی و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بە لای خۆیاندا و هاندانی هۆز و عەشیرەتە جیاوازەکانی ئێرانیان لە دژی ئەو دوو وڵاتە گرتە بەر، گومانی تێدانییە کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر دابەشبوونی ئێران لەنیوان هەردوو لایەنی وڵاتانی شەرکەری جەنگی یەکەمی جیهانی، بەمەش ئەو وڵاتە لەو ماوەیەدا دۆخێکی ناسەقامگیری سیاسی و سەربازی و ئابووری بەخۆوەبینی و بووە گۆڕەپانی لەشکرکێشی و بەیەکدادانی سەربازی سوپای بەریتانی و ڕوسی و عوسمانی، کە لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر بەر ژێرخان و سەرخانی ئابووری و مرۆیی ئەو وڵاتە کەوت و تا کۆتایی ساڵی 1918 بەردەوام بوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئێران،
دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا،
نیدەرمایەر،
ڤاسمۆس،
شۆنمان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918)، وەنەبێ بە تەنیا کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەوروپا هەبووبێت، کە هەڵگیرسێنەری ئەو جەنگە بوون، بەڵکوو کاریگەری لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش هەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی چووە ناوە جەنگەکەوە لەپاڵ وڵاتی ئەڵمانیا، ئەمەش دەرفەتی خۆشکرد بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی دوورخستنەوەی پێگەو هەژموونی وڵاتە زلهێزەکانی وەک (ڕوسیا، بەریتانیا، فەڕەنسا) کە لەگەڵیاندا لە جەنگدابوو، لەسەر شەڕکردن لەبەرەی ڕۆژئاوا و کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ لە ڕۆژهەڵات، ئەویش لەڕێگەی هەوڵدان بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی یەکتری، یەکێک لەو ڕێگایانەی کە ئەو وڵاتانە دژ بە یەکتری بۆ ئەو مەبەستە گرتیانە بەر لەپاڵ لە شەڕ و پێکدادانی چەکداری چالاکی هەواڵگری بوو، بەمەش ئەڵمانیا هەر لەدوای هەڵگیرسانی ئەو جەنگە هەر زوو بیریکردەوە، بۆئەوەی سەرنجی وڵاتی بەریتانیا لەسەر بەرەی ڕۆژئاوا و ئەوروپا دوور بخاتەوە هەستا بەناردنی چەند نێردەیەکی هەواڵگری بۆ هیندستان و ئێران، بەمەش وڵاتی ئێران سەرباری ئەوەی بێ لایەن بوو لە جەنگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە بێلایەنییەکەی نەگیرا و بووە گۆڕەپانی ململانێی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ڕوسیا و عوسمانی و بەریەککەوتنی سەربازی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانە، کە ئەمەش بارودۆخی ئەو وڵاتەی بەرەو ئاڵۆزی و ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، یەکەم چۆنیەتی چوونی نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا بۆ ئێران؟ هۆکاری هەڵبژاردنی ئێران وەکوو ناوەندی چالاکی هەواڵگری؟ گروپ و نێردە هەواڵگرییەکان و ئاماژەدان بە چالاکترینیان؟ ئەنجامی چالاکی کردە هەواڵگرییەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لە ئێران و هەڵوێستی هەریەک لە ئێران و بەریتانیا و ڕوسیا لەبوونی نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا لە ئێران؟ سەرباری ئاماژەکردن بە ڕۆڵی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا و نێردە هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتە لە ئێران بەدیار بخات، لەناویشیاندا زیاتر تیشک خراوەتە سەر دیارترین و چالاکترین و کاریگەرترین نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا، چونکە ئەگەرچی وڵاتی ئەڵمانیا لە ماوەی ساڵانی جەنگ (1914– 1918) دا چەندین نێردەی هەواڵگری ناردە ئێران، بەڵام لەناویاندا تەنها چەند نێردەیەک سەرکەوتووبوون لە دروستکردنی گرفت بۆ بەریتانیا و ڕوسیا لە ئێران و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەوێ، بەڵکوو ئەوانی تر هەرچەندە هەوڵی خۆیان دا، بەڵام هەوڵەکانیان کاریگەرییەکی هاوتای ئەو هەوڵەکانی ئەوانە نەبوون، کە لەو توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێ دراوە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەر کردە هەواڵگرییەکانی نێردەی (ئۆسکار ڤۆن نیدەرمایەر(1)/ Oskar Von Niedermayer) و (ڤیلهێڵم ڤاسمۆس(2)/ Wilhelm Wasmus) و (ماکس ئۆتۆ شۆنمان(3)/ Max Otto Schonman) لە ئێران، ئەوانی تریش هەوڵدراوە بەگوێرەی پەرەسەندنی بارودۆخەکە ئاماژە بەهەوڵ و چالاکییەکانیان بدرێت، چونکە هەرچەندە نێردە هەواڵگرییەکانی دیکەی ئەڵمانیا هەوڵیانداوە لە وڵاتی ئێران، بەڵام هەوڵەکانیان دەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی هاوشێوەی کردە هەواڵگرییەکانی ئەوانی دیکە نەبووە، یاخود نەیانتوانیوە بەردەوام بن و لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەریان نەماوە.

گرنگی ئەو توێژینەوەیە، سەبارەت بە گرنگی ئەو توێژینەوەیە لە ڕاستیدا گومانی تێدا نییە کە ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت، کە پێشتر هەندێ کتێب لەبارەی پەیوەندی ئێرانی و ئەڵمانی لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914– 1918) نووسراوە، لەوانەش کتێبی بەڵگەنامەیی (ایران و جنگ اول جهانی اسناد وزارت داخله/ ئێران و جەنگی یەکەمی جیهانی، بە هەوڵی کاوە بەیات) یەکێک لەو کتێبانەیە لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێ وەرگیراوە، ئەو کتێبە لە بەڵگەنامەی ئێرانی پێکهاتووە کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران بۆ وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە نێردراوە. هەروەها کتێبی وەرگێردراو بۆ سەر زمانی فارسی (الیور باست، آلمانی ها در ایران/ئەڵمانییەکان لە ئێران) و کتێبی (معصومه ارباب، روابط ایران و آلمان در جنگ جهانی اول(1914 – 1918)/ پەیوەندییەکانی ئێران و ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی(1914 – 1918))، بەڵام ئەم بابەتە

هێشتا توێژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێت و پێویستی بەوەیە کە بەسەرچاوەی ڕەسەن و توێژینەوەی نوێ هەموو لایەنەکانی ڕوون بکرێتەوە و شرۆڤە بکرێت. سەرباری ئەوەش دەتوانین بڵێین، زۆربەی ئەو نووسینانەی پێشوو لەخودی وڵاتی ئێران و بەزمانی فارسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی نووسراون. لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە زانکۆکانی هەرێم، ئەم بابەتە مێژووییە لای لێ نەکراوەتەوە و بەدیاریکراویش توێژینەوەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی لەبارەوە نەکراوە. ئەمانەش هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێک دێنن. واتە دەیەوێت بە سەرچاوەی نوێتر و لەگۆشە نیگایەکی تر شەن و کەوی بابەتەکە بکات و ڕۆشنتری بکات.

لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) و شیکاری (تحليلي) پەیڕەو کراوە. چونکە بۆ وێنا کردنەوەی ڕۆڵی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لە ئێران لە ماوەی ساڵانی (1914 – 1918)، پێویست بەوە دەکات زانیارییە مێژووییەکان کۆ بکرێنەوە و لێک بدرێن. تا ڕۆڵی نێردە هەواڵگرییەکان ڕوون بکرێتەوە. دواتر لە ڕێگەی شرۆڤەکردن و شیکارییەوە کاریگەری چالاکییەکانی نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران بەدیار بخرێت.

ئەو توێژینەوەیە لە چوار تەوەری سەرەکی پێک دێت، لە تەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی پوخت باس لە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی نێوان ئێران و ئەڵمانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم کراوە، واتە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەڵمانیا لە ئێران پێویستە بزانرێت سەرەتای بوونی ئەڵمانەکان لە ئێران کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1859. لە تەوەری دووەمیش باس لە هەڵوێستی ئێران بەرانبەر بە سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بێلایەنی ئەو وڵاتە دەکات لە جەنگ و هەڵوێستی وڵاتانی شەڕکەر بەرانبەر بە بێلایەنی ئێران. تەوەری سێیەمیش ئاماژە بە کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ دەکات لەلایەن ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی و ئامادەکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ ناردنی نێردەی هەواڵگری بۆ ئێران و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە چوونی نێردەکان و چۆنیەتی دابەشبوونیان بەسەر ناوچە جیاوازەکانی ئێران دەکات. هەرچی تەوەری چوارەمە کە ناوەرۆکی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، لە چوار باس پێکهاتووە و هەر باسێک تایبەتە بە چالاکی گروپێکی جیاوازی نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران و ئاکام و چالاکی کردە هەواڵگرییەکان و سەرەنجامی نێردە هەواڵگرییەکان لە ئێران دەکات.

بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە سوود لەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز وەرگیراوە، کە بە زمانی فارسی و وەرگێردراو بۆ سەر زمانی فارسی نووسراون، چونکە ئەو توێژینەوەیە تایبەتە بە وڵاتی ئێران، بۆیە سەرچاوە لە بارەی چالاکی ئەڵمانیا لەو وڵاتەدا لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا جگە لە زمانی فارسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی بە زمانەکانی دیکە کەمتر ئاماژەی پێ دراوە، هەرچی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانیشە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی. لەناو سەرچاوەکانیشدا ئەوەی زیاتر پشتی پێ بەستراوە جگە لە کتێبەکان بە پلەی یەکەم یاداشت و بیرەوەرییەکانن، چونکە ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە پەیوەستن بەوانەی کەوا لەناو ڕووداوەکان بەشداربوونەو دیوێکی ڕووداوەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە و لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا ئاماژەیان پێ داوە، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە دەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیەدا.

بۆ نموونە لەناو بیرەوەری ئێرانییەکان دەکرێت ئاماژە بە هەردوو بیرەوەری (احمد علی سپهر، خاطرات سياسى مورخ الدوله سپهر/ بیرەوەری سیاسی موئەریخولدەولە سپەهر؛ ايران در جنگ بزرگ (1914 – 1918)/ ئێران لە جەنگی گەورە (1914 – 1918)دا)، ناوبراو لەساڵانی (1914 – 1916) سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا بوو لە تەهران و ئاگاداری زۆربەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی ئەڵمانیا لە ئێران بەگشتی و بەدیاریکراویش تەهرانی پایتەخت بووە. بۆیەش بیرەوەرییەکانی خۆی لە دوو کتێبی جیاواز نووسیوەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەپێی توانا سوودیان لێ ببینرێت، هەروەها یەکێکی دیکە لەو بیرەوەرییانەی کە لەو توێژینەوەیەدا سوودی لێ بینراوە یاداشتەکانی (میرزا ابوالقاسم خان كحال زاده، ديدها و شنيدهها/ بینراوو بیستراوەکان) ناوبراویش بەهەمان شێوە لە

ماوەی ساڵانی (1914 – 1918) سکرتێر بوو لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و ئاگاداری زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەی جەنگ بووە و لەو کتێبەیدا تۆماری کردووەن. لەسەر ئاستی کەسایەتییە سەربازییە ئێرانییەکانیش کتێبی بیرەوەری (سرهنگ احمد اخگر، زندگی من در طول هفتاد سال تاریخ معاصر ایران/ ژیانی من بە درێژایی حەفتا ساڵ مێژووی هاوچەرخی ئێران) ئەم کتێبەش یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانەو لەو توێژینەوەیەدا سوودی زۆری لێ وەرگیراوە، چونکە ناوبراو فەرماندەی هێزی ژاندارم(4) بوو لە شاری شیراز بە پلەی (سەرهەنگ/ مقدەدەم)، هاوکات لایەنگری ئەڵمانەکان بوو، لەگەڵ ڤاسمۆس لەو ناوچەیەدا چالاکی ئەنجامداوە و زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کە بەخۆی بەشداری تێدا کردبوو لەو کتێبەیدا ئاماژەی پێ داوە، هەروەها بیرەوەری یەکێکی دیکە لە ئەفسەرە پلە بەرزەکانی ئێران کە فەرماندە بوو لە ناوچەی کرماشان لە هێزی قۆزاق(5) بیرەوەرییەکانی (احمد امیر احمدی، خاطرات نخستین سپهبد ایران/ بیرەوەرییەکانی یەکەمین سەرلەشکری ئێران)، لە ڕاستیدا ئەم کتێبەش زانیاری گرنگ و وردی تایبەت بەچالاکییەکانی شۆنمان کونسوڵی ئەڵمانیا لە شاری کرماشان تێدا تۆمار کراوە، چونکە ناوبراو خۆی یەکێک لەو فەرماندە سەربازییانە بوو لایەنگری ڕوسیا و بەریتانیا بوو، لە زۆربەی شەڕەکانی لە دژی هێزە نەتەوەییەکان و ئەڵمانەکان بەشداری کردبوو.

هەروەها لەناو بیرەوەری بیانییەکانیش دەکرێ ئاماژە بەبیرەوەرییەکانی (اسکار فن نیدرمایر، زیر آفتاب سوزان/ لەژێر هەتاوی سوتێنەر)بدەین، ئەم کتێبە بەیەکێک لەگرنگترین سەرچاوە بیانییە وەرگێردراوەکان دادەنرێت، چونکە نیدەرمایەر یەکێک بوو لەوانەی سەرکردایەتی نێردەیەکی هەواڵگری ئەڵمانیای پێ سپێردرابوو بۆ ئەفغانستان، ناوبراو لەو کتێبەیدا زۆر بەوری باسی لەهەموو ڕووداوەکانی تایبەت بەخۆی و نێردەکانی تر کردووە لە ئێران، هەروەها یاداشتەکانی (ویلهلم لیتن، ماه عسل ایرانی خاطرات کنسول آلمان در تبریز (1914 – 15)/ مانگی هەنگوینی ئێرانی، بیرەوەرییەکانی کونسوڵی ئەڵمانیا لەتەبریز (1914 – 1915)) ناوبراو لە ساڵی 1914 کونسوڵی ئەڵمانیا بوو لە شاری تەبریز، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەزۆربەی ڕووداوەکانی ناوخۆیی ئێران و کردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا و سەرەنجامی نێردە هەواڵگرییەکان کردووە، هەروەها بیرەوەری (فردریک اوکانر، خاطرات فردریک اوکانر کنسول انگلیس در فارس از مشروطه تا جنگ اول جهانی/ بیرەوەرییەکانی فریدریک ئۆکانەر کونسوڵی بەریتانیا لە فارس لە مەشروتە تا جەنگی یەکەمی جیهانی)، ناوبراو لەساڵانی (1906 – 1916) کونسوڵی گشتی بەریتانیا بوو لە هەرێمی فارس و شاری شیراز، یەکێک بوو لەوانەی لەناو ڕووداوەکانی جەنگی یەکەم لە شاری شیراز ژیابوو و بەشداری تیایاندا کردبوو، تەنانەت ئەو لەو نێردە دیپلۆماسییە بەریتانیانە بوو، کە لە شاری شیراز لەلایەن ڤاسمۆس دەستبەسەر دەکرێن، بۆیە لە بیرەوەرییەکانیدا زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو شارەی لە ڕوانگەی خۆیەوە باس کردووە، هەروەها یەکێکی دیکە لە بیرەوەری ئەفسەرە ئینگلیزەکان، (روبرت مابرلی، عملیان در ایران (1914 – 1919)/ چالاکی لە ئێران (1914 – 1918)) ناوبراو یەکێک بوو لە ئەفسەرە باڵاکانی ئینگلیز لە ئێران بەپلەی جەنەڕاڵ، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا یاداشتەکانی ڕۆژانە تۆمار کردووە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی ئێران، لەو توێژینەوەیەدا سوود زانیارییەکانی ئەو کتێبە بینراوە. هەڵبەت زۆربەی بیرەوەرییەکانی دیکەش هەمان گرنگی و بایەخیان هەیە بەڵام لێرەدا بەپێویست زانرا تەنها ئاماژە بەو چەند نموونەیە بکرێت.

لە کتێبەکانیش دەکرێ ئاماژە بە (معصومه ارباب، روابط ایران و آلمان در جنگ جهانی اول (1914 – 1918)/ پەیوەندییەکانی ئێران و ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918)، ئەم کتێبەش بەیەکێک لەکتێبە پڕ بایەخەکان دادەنرێت کە لەو توێژینەوەیەدا سوودی لێبینراوە، چونکە نووسەری کتێب بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەڵمانیا لە ماوەی ساڵانی جەنگدا کردووە، هەروەها کتێبی (الیور باست، آلمانی ها در ایران/ ئەلمانییەکان لە ئێران)، ئەمەش یەکێکە لەو سەرچاوە بایەخدارانەی کە لەلایەن توێژەرانی بیانی لەبارەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەڵمانیا لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی نووسراوە و لە دەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە.

## 1. سەرەتای پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا و ئێران تاوەکوو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی:-

لە ڕاستیدا مێژووی بوونی ئەڵمانیا لە ئێران بە بەراورد بە هەردوو وڵاتی ڕوسیا و بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتی دوای ئەوەی وڵاتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1859 لە شاری تەهران باڵیۆزخانەی کردەوە (علی بابائی، 1375هـش، 711). ئەگەرچی وڵاتی ئێران لەمێژبوو بەدوای هێزی سێیەم دەگەڕا بۆ ئەوەی لەژێر هەژموونی هەردوو وڵاتی ڕوسیا و بەریتانیا ڕزگاری بێت، بۆ ئەو مەبەستەش ناسرەددین شا ی قاجار (1848 – 1896)، لەساڵێ 1873 لە گەشتێکیدا بۆ وڵاتانی ئەوروپا لە ڕێگایدا سەردانی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا (ولیەمی یەکەم/ Wilhelm I/ 1797 – 1888)ی کرد (امینی، 1385هـش، 25)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی 1885 وڵاتی ئێران باڵیۆزخانەی خۆی لە ئەڵمانیا نەکردەوە (علی بابائی، 1375هـش، 711).

ئێران هەر لە ساڵی 1885 هەوڵیدا سود لە دروستکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا لە پەرەپێدانی بواری سەربازی خۆی وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە ئەڵمانیا کرد، کەسانی شارەزا لە بواری کارگێڕی و سەربازی ڕەوانەی ئێران بکات، بۆ ئەوەی لەم لایەنانەوە هاوکاری ئێران بکەن، بەڵام دیارە کە ئەڵمانیا بەپیر ئەو داوایەی ئێران نەچوو، چونکە ئەو وڵاتە پێی وابوو، ئەو خۆی سود لەتوانای کەسانی شارەزاو لێهاتوویی خۆی وەردەگرێت و پێویستی بەوان نییە، بۆیە تەنها دوو ئەفسەری خانەنشین کراو بەناوەکانی (فیلمەر/ Fellmer) و (ڤێس/ Weth)، وەکوو ڕاهێنەری سەربازی چوونە ئێران، ئەوەی یەکەمیان تا ساڵی 1890 لەوێ مایەوەو ئەویتریشیان تا ساڵی 1911 (مارتن، 1368هـش، 43 – 44)، بەڵام ئەو ئەفسەرانە کە مەشق و ڕاهێنانیان بە ئەفسەران و سەربازانی ئێرانی دەکرد، نەیانتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ بەسەر سوپای ئێرانی دروست بکەن، بۆیە ئەوان هەوڵیاندەدا لەڕێگەی ئەفسەرانی سویدی کە فەرماندەیی هێزی (ژاندارم)یان دەکرد، ئەو هێزە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان (میروشنیکف، 1344هـش، 29).

سەرباری ئەوەی وڵاتی ئەڵمانیا لەو ماوەیەدا زیاتر بایەخی بە بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی کەنداو دەدا، هەربۆیەش لە ساڵی 1896 بنکەی کۆمپانیایەکی بازرگانی بە ناوی (ڤێنکهاوس/ Wonckhaus)، لە بەندەری (لەنگە) لە باشووری ئێران کردەوە، بە مەبەستی بازرگانیکردن بە (سەدەف و مرواری)، لە ساڵی 1897 کونسولگەری خۆی لە شاری (بوشەهر) لە باشووری ئێران کردەوە، پاشان ئیمپراتۆری ئەڵمانیا (ڤیلهێلمی دووەم/ II Wilhelm/ 1888 – 1918) لە تشرینی یەکەمی 1898 سەردانی دەوڵەتی عوسمانی کرد و خۆی بە پارێزەری موسڵمانانی جیهان ناساند، بەرهەمی ئەو سەردانەش بەستنی ڕێککەوتننامەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی (بەرلین، ئەستەنبوڵ، بەغدا) بوو (هوشنگ مهدوی، 2535، 300). هەرچەندە ئەم لەیەک نزیکبوونەوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا، کاریگەری لەسەر جۆشدانی هەستی نەتەوەیی ئەو ئێرانیانەش هەبوو، کە دژی هەژموونی هەردوو دەوڵەتی ڕوسیا و بەریتانیا بوون لە ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی ئەڵمانیا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ڕووبەڕووی ڕکابەرییەکی توندی بەریتانیا بۆوە لە ناوچەکانی باشووری ئێران و لە باکووریش دەوڵەتی ڕوسیاش بەهەمان شێوە بەربەستی لەبەردەم هاتنی ئەو دەوڵەت بۆ ناوچەکە دروستکرد (هوشنگ مهدوی، 2535، 301 – 302)، ئەمەش لەدوای ئەوەها کاتێک وڵاتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1899 هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی وڵاتی ئێرانیش لەڕێگەی هێڵی ئاسن (تەهران بەغدا) بەیەکتر ببەستێتەوە، بەڵام بەهۆی دژایەتی ڕکابەرەکانی بەگشتی و ڕوسیا بەتایبەتی پرۆژەکەی سەرکەوتوو نەبوو (مارتن، 1368هـ ش، 110 – 112).

لە ڕاستیدا هەوڵەکانی ئەڵمانیا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئێران بەتایبەتی کارێکی ئاسان نەبوو، بەهۆی بوونی هەریەک لە ڕوسیا و بەریتانیا لەو وڵاتەدا، هەر ئەو جموجۆڵانەی ئەو وڵاتە هاندەر بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو وڵاتە لە ساڵی 1907 زیاتر لەیەک نزیک بکەونەوە و ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان خۆیاندا ببەستن، کەتیایدا وڵاتی ئێرانیان لەنێوان خۆیان دابەشکرد، بە جۆرێک ناوچەکانی باکووری ئێران بەر ڕوسیا کەوت، هەروەها باشووریش پشکی بەریتانیا بوو، ناوچەکانی (تەهران و ئەسفەهان) وەکوو ناوچەی سەربەخۆ مابوونەوە، ئەم هەنگاوەی ئەو دوو

وڵاتە پەیوەندی بە تەشەنەکردنی چالاکییەکانی ئەڵمانیا هەبوو لە ڕۆژهەڵات، بەتایبەتیش بەریتانیا ترسی لەم هەنگاوە هەبوو، بۆیە لەگەڵ ڕوسیا ئەو پەیماننامەی بەست (لنزوسکی، 2536، 81). گومانی تێدا نییە ئەو ڕێککەوتننامەیە کاریگەری لەسەر ڕەنجاندنی ئێرانییەکان لە بەریتانییەکان هەبوو، ئەگەرچی تا ئەوکات ئەوان ئینگلیزەکانیان بە ڕزگارکەر دەبینی، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە ئینگلیزەکانیش بوونە جێگەی نەفرەتی ئێرانییەکان (سایکس، 1383هـ.ش، 208).

جێگای ئاماژەیە سەبارەت بە هەڵوێستی ئەڵمانیا لەبارەی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لەنێوان بەریتانیا و ڕوسیا بەسترا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر سیاسەتی ئابووری ئەو وڵاتە لە ئێران نەبوو، چونکە ئەڵمانیا خۆی بە دوور گرت لە داکوتانی پێگەی سیاسی خۆی لە ئێران (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 36). بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1908 ڕایگەیاند، کە ئەڵمانیا لەمەودوا سیاسەتی دەستوەرنەدان لەکاروباری ئێران دەگرێتەبەر (لنزوسکی، 2536، 169). بۆیە ئەو وڵاتە تەنها گرنگی بەلایەنی ئابووری دا لە ئێران و نەیتوانی سود لەو دژایەتییەی ئێرانییەکان کە بۆ ڕوسیا و بەریتانیا لەو ماوەیەدا سەریهەڵدا بوو لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 36)، هەر بۆیە ئەڵمانیا لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوامبوو بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆی لە بواری ئابووری لە ئێران قایم بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە ماوەی ساڵانی (1903 – 1912) برەوی بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی خۆیدا لەگەڵ ئێران و ڕێژەکەی گەیشتە چل بەرابەر [هەرچەندە هیچ داتایەک لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بزانرێت لە پێشتردا ڕێژەی ئاڵوگۆڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە چەند بووە، بەڵام دیارە کە مەبەست لێی لەچاو پێشووە، جا ڕێژەکە هەرچەند بوبێت]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهای هەناردەی ئەڵمانی بۆ ئێران بەراورد بە هەناردەی ڕوسیا و بەریتانیا زۆر کەمتر بوو (میروشنیکف، 1344هـ.ش، 29)، ئەمەش بەو مانایە دێت دیارە ئەو کەلوپەلانەی ئەڵمانیا ناردوویەتی بۆ ئێران نەیتوانیوە ڕکابەری ئەو کەلوپەلانە بکات کە ڕوسیا و بەریتانیا هەناردەی ئەو وڵاتەیان دەکرد.

لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1914، پەیوەندییە سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەڵمانیاش یەکێک لە وڵاتە زلهێزەکان بوو، هەوڵەکانی خۆی لە بواری هەولگری لە ئێران چڕ کردەوە بۆ دژایەتیکردنی بەریتانیا و ڕوسیا، کە لێرە بەدواوە باسی دەکەین.

لە ڕاستیدا بوونی ئێران لە ناوچەی دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزەکانی ڕکابەری ئەوروپا و لاوازی هێزی سەربازی و سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتە، ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی بەریتانیا و ڕوسیا کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەهۆی سیاسەتی فراوانخوازیان گەیشتبوونە سنورەکانی باشوورو باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران، ئەو وڵاتە بکەنە مەیدانی ململانێی سیاسی و ئابووری و ڕکابەرییەکانی خۆیان تێیدا جێبەجێبکەن (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 43). هەرچی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی بوو، لە کاتی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی بوونێکی ئەوتۆیان لە ئێران نەبوو، لە کاتێکدا ڕوسیا و بەریتانیا هەژموونێکی فراوانیان بەسەر ئەو وڵاتە و دەسەڵاتدارەکانی هەبوو، هەر ئەمەش وایکردبوو خەڵکی ئێران زیاتر مەیلیان بەلای دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا بوو (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 282). چونکە بەبڕوای ئێرانییەکان دەوڵەتی عوسمانی کە بەشێکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەژێر دەستدابوو وڵاتێکی موسڵمان بوون هەرچۆنیک بێت لەلای ئەوان لە دوو وڵاتەکەی دیکە باشتر بوو، هەروەها ئەڵمانیاش تا ئەو کات وەک وڵاتێکی داگیرکەر دەرنەکەوتبوو، بەئاسانی دەیتوانی سەرنجی گەلانی موسڵمان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام هەرچی بەریتانیا و ڕوسیا بوو، ئەو دوو وڵاتە جێگەی نەفرینی خەڵکی ئێران بوون و بەچاوی داگیرکەر لێیان دەڕوانین (امینی، 1382هـ.ش، 199).

کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئابی 1914 هەڵگیرسا ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیاندەدا نەتەوە موسڵمانەکان لەڕێگەی هاوسۆزی ئاینییەوە ڕابکێشنە بەرەی خۆیان و لە دژی وڵاتانی هاوپەیمانی هانیان بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەتی عوسمانی بانگەوازی (جیهادی پیرۆز) ڕاگەیاند (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 282). ئەگەرچی ئەو بانگەوازە کاریگەری لەسەر هەڵوێستی زانایانی ئاینی شیعە مەزهەبیش لەشوێنە پیرۆزەکان [مەبەست

لێی شاری نەجەف] و [شاری قومە لە وڵاتی ئێران] هەبوو، بە جۆرێک ئەوانیش پشتیوانی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا ڕاگەیاند، داوایان لە وڵاتی ئێران کرد بچێتە بەرەی وڵاتانی ناوەند، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنە کاریگەری لەسەر حکومەتی ئێران نەبوو، چونکە لەژێر هەژموونی هەردوو هاوسێی باشوور و باکووری دابوو، لەلایەکی دیکەشەوە دوو پارتی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران هەبوون، بەناوەکانی (پارتی دیموکرات(6) و پارتی پارێزگاران(7))، پارتەکەی یەکەم زیاتر مەیلی بەلای ئەڵمانیا دابوو، فشاری لەحکومەتی ئێران دەکرد وەکوو دەوڵەتی عوسمانی بچێتە بەرەی وڵاتانی ناوەند لە دژی وڵاتانی هاوپەیمانی، هەرچی پارتی دووەم بوو کە پارتێکی میانڕەوبوو پێی وابوو پێویستە وڵاتی ئێران بێلایەنی خۆی بپارێزێت، چونکە وڵاتەکەی لەلایەن هێزەکانی ڕوسیا و بەریتانیا داگیرکراوە، بۆیە پێی وابوو حکومەتی ئێران توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوو وڵاتەی نییە (امینی، 1382هـ.ش، 200 – 201). چونکە ئەگەر پشتیوانی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردبایە ئەوا دووچاری مەترسی داگیرکردنی شاری تەهرانی پایتەخت دەبۆوە لەلایەن هێزەکانی ڕوسیا و بەریتانیا، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بچووبایە بەرەی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەوا ڕووبەڕووی فشاری جەماوەری دەبووەوە و لە جیهانی ئیسلامیش شەرمەزار دەبوو، بۆیە هیچ هەنگاوێکی بە ئاراستەی لایەنگری کردنی هیچ لایەنێک نەنا، سەرباری ئەوەی وڵاتی ئێران لەڕووی هێزی سەربازییەوە توانایەکی ئەوتۆی نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری هێزی سەربازی ڕوسیا و بەریتانیا بێتەوە، چونکە لەوکاتدا دوو هێزی سەربازی لەو وڵاتەدا بوونیان هەبوو، هێزی یەکەمیان هێزی قوزاق بوو، کە ڕاستەوخۆ فەرمانیان لەڕوسەکان وەردەگرت، هێزەکەی تریش هێزی جەندرمە بوو، ئەوانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەڵمانیا، بە جۆرێک پەیوەندی ئەو دوو هێزە گەیشتبووە ئاستێک بەچاوی دوژمن سەیری یەکتریان دەکرد، لەبری ئەوەی وەکوو دوو هێزی نشتیمانی ئێرانی لەیەک بڕوانن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاڵۆزبوونی زیاتری ڕەوشی ناوخۆیی ئێران هەبوو (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 283).

حکومەتی ئێران لە 1ی تشرینی دووەمی 1914 بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی ئەو ئێران نەبێتە مەیدانی لە شەڕ و پێکدادانی سەربازی نێوان زلهێزەکان، بەڵام ئەو بێلایەنییەی ئێران بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو، بەهۆی بوونی هێزەکانی ڕوسیا و ببەریتانیا لەناو خاکی ئێران (ایران و جنگ جهانی اول میدان نبرد قدرتهای بزرگ، 1389هـ.ش، 23). چونکە بوونی هێزەکانی ڕوسیا لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران بەگشتی و هەرێمی ئازربایجان بەتایبەتی عوسمانییەکانی نیگەران کردبوو، بۆیە ئەوان بە مافی خۆیان دەزانی لەشکرکێشی بکەنە بۆ ناوخاکی ئێران (سپهر، 1374هـ.ش، 328). بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی ئێران لە 29ی ئەیلولی 1914 لەڕێگەی وەزیری دەرەوەی داوای لە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری تەهران بە ناوی (عاسم بەگ) کرد ڕێز لە بێلایەنی ئێران بگرن، بەڵام باڵیۆزی ناوبراو نیگەرانی وڵاتەکەی لەبوونی هێزەکانی ڕوسیا لە ناوچەکەدا نەشاردبۆوە (سپهر، 1374هـ.ش، 328)، هەروەها لە 1ی تشرینی یەکەمی 1914دا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێران بە ئامادەبوونی باڵیۆزی بەریتانیا داوای لەباڵیۆزی ڕوسیا کرد، وڵاتەکەی ئاگادار بکاتەوە ڕێز لەبێلایەنی ئێران بگرێت و هێزەکانی خۆی لەناو خاکی ئێران بباتە دەرەوە، بۆ ئەوەی بیانوو نەداتە دەست دەوڵەتی عوسمانی تاکوو دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەربدات (سپهر، 1374هـ.ش، 340). هەرچی ڕوسیاش بوو کە لە ساڵی 1909دا هێزێکی خۆی لە شاری (تەبریز/ تەورێز) جێگیر کردبوو (کحال زاده، 1363هـ.ش، 323). بە جۆرێک ژمارەی ئەو هێزانە لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی هەشت هەزار سەرباز دەبوو (هوشنگ مهدوی، 2535، 324، 328). بۆیە لە 6ی تشرینی دووەمی 1914 داخوازی حکومەتی ئێرانی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند هەبوونی ئەو هێزانەی لە ناوچەکانی ئازربایجان تەنها بۆ پاراستی ئاسایشی هاووڵاتیانی ڕوسیایە، چونکە ڕوسیاش متمانەی بە دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، دەترسا لە ئەگەری بردنە دەرەوەی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، دەوڵەتی عوسمانی لەو سنوورەوە هێرشی بکاتە سەر (سپهر، 1374هـ.ش، 340).

گومانی تێدا نییە، کە وڵاتی ئێران بەهۆی نەبوونی هێزێکی سەربازی یەکگرتوو و تۆکمە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی

هێزەکانی ڕوسیا و عوسمانی و بەریتانیای نەبوو (دولت آبادی، 1362هـ‌ش، ج3، 283). چونکە لەو کاتدا دوو هێزی سەربازی دژ بەیەکی هەبوو، کە بەئاسانی نەدەکرا پشتیان پێ ببەستێت، یەکێک لەوان هێزی قۆزاق بوو کە بەتەواوی سەر بەڕوسیا بوو ئەویتریشیان هێزی قۆزاق کە هاوسۆزی ئەڵمانیا بوو (اسکرین، 1954، 17). سەرباری ئەوەی ئەو دوو هێزە بەچاوی دوژمن سەیری یەکتریان دەکرد، ئاسان نەبوو بەیەکەوە لەبەرەیەکدا لە دژی وڵاتە زلهێزەکان بجەنگن (دولت آبادی، 1362هـ‌ش، ج3، 283)، هەروەها پێویستە ئەوەش لەبیرنەکرێت کە سوپای ئێران بەراورد بەسوپای روسیا لەڕووی مەشق و ڕاهێانی سەربازی و چەک و پێداویستی جەنگییەوە زۆر لەدواوە بوو. بۆیە دەکرێت بڵێین کە وڵاتی ئێران چوار ساڵی سەختی لە بواری سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕێکرد، ئەگەرچی بەفەرمی هەرگیز بەشداری لە جەنگدا نەکرد بەڵام وڵاتەکەی بووە مەیدانی جەنگ و لەئەنجامدا زیانێکی زۆری بەرکەوت(8).

### 2. چۆنیەتی پەلهاوێشتنی ئەڵمانیا بەرەو ئێران لەچوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانی دا:–

وڵاتی ئێران لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی و سەربازییەوە، پێگەیەکی گرنگی بۆ وڵاتی بەریتانیا هەبوو، کە خاوەن بەرژەوەندی بوو لە هیندستان و ئەفغانستان، بۆیە ئەو وڵاتە زۆر دەترسا لەوەی کەوا دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی هاندانی موسڵمانانی ئەو دوو وڵاتە کێشەی بۆ دروست بکات، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیدەدا هەرچۆنێک بێت وڵاتی ئێران بێ لایەن بێت لە جەنگ، بەڵام هەرچی ئەڵمانیا بوو، هانای بۆ هەموو ڕێگەیەک دەبرد تاکوو ئێرانییەکان لە دژی بەریتانیا و ڕوسیا هانبدات، ئامانجی سەرەکی ئەڵمانیا لەو کارەی، دەیوسیت بەکردنەوەی بەرەیەکی جەنگ لە ڕۆژهەڵات، ڕوسیا و بەریتانیا ناچار بکات هەموو هێزەکانی خۆیان هەناردەی بەرەی ڕۆژئاوا نەکەن و لە ڕۆژهەڵات بیانهێڵنەوە (سایکس، 1348هـ‌ش، 10 – 11).

کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، سەرباری ئەوەی وڵاتی ئەڵمانیا لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە ئاگاداری ڕەوشی ناوخۆیی ئێران نەبوو بەراورد بە ڕوسیا و بەریتانیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی زۆریدا پێگەی خۆی لەو وڵاتە قایم بکات، ئەویش لەڕێگەی جۆشدانی هەستی نەتەوەیی لەلای ئێرانییەکان و ڕاکێشانی هاوسۆزی ئەوان بەلای خۆیدا، تەنانەت پێی وابوو بە پشتیوانی ئێرانییەکان دەتوانێت بێ ئەوەی بنکەی سەربازیشی لەو وڵاتە هەبێت، لەئەڵمانیا و کردە سەربازییەکان ئاراستە بکات و ئاستەنگ بۆ بەریتانیا و ڕوسیا دروست بکات (گرکە، 1377هـ‌ش، ج1، 38، 39).

لە ماوەی ساڵانی جەنگدا (1914 – 1918) ئەڵمانەکان لە ئێران سیاسەتی خۆیان لەسەر دوو بنەما بونیاتنا، یەکەمیان بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دژی ڕوسیا و بەریتانیا، ئەویش بە مەبەستی هاندانی هۆزەکان و سەرکردە سیاسی و نەتەوەییەکان و سەرکردەی پارتەکان و ڕاکێشانی هاوکاری و پیشتیوانیان بەلای خۆیاندا، تەنانەت پروپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کەوا قەیسەری ئەڵمانیا بووەتە موسڵمان، ئەم هەوڵەش لەلایەن دیپلۆماتکارەکانی ئەڵمانیا لە ئێران جێبەجێ دەکرا، هەروەها هەنگاوی دووەمیش بریتی بوو لەناردنی نێردەی هەواڵگری چەکداری بۆ ئەفغانستان لەڕێگەی ئێران و بەخشینەوەی پارەو چەک بەسەر هۆزو عەشیرەتەکان و نانەوەی پشێوی و ئاڵۆزی و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ڕوسیا لە ئێران و دروستکردنی گرفت و بەربەست لەبەردەم ئەو دوو وڵاتە لە ئێران بوو (معتضد، 1378هـ‌ش، 239 – 240). ئەگەرچی لەو هەوڵەیان سەرکەوتوو بوون، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە  لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی سەرەوە زۆر دروست نییە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەئەڵمانەکان لەکۆتایی سەدەی نۆدەو سەرەتای سەدەی بیستەم کە لە بواری جیاجیای شوێنەوارناسی و مرۆڤناسی و ئێرانناسی و ڕۆژهەڵاتناسی کاریان دەکرد، ڕوویان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران کردبوو(9)، شارەزایی باشیان لەبارەی داب و نەریت و زمان و کەلتور و بیروباوەڕی ئایینی و نەتەوەیی ئێرانییەکان دەستخستبوو، پاشان هەر بەشێک لەوانەی کە پێشتر سەردانی ئێرانیان کردبوو چوونە خزمەت دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی و گەڕانەوە بۆ ئێران بە مەبەستی هاندانی ئێرانییەکان لە دژی ڕوسیا و بەریتانیا، لەدیارترینیان (ڤاسمۆس و

نیدەرمایەر) بوون (ارباب، 1383هـ.ش، 64 – 75).

ڕۆڵی ئەڵمانیا لە ئێران لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) زیاتر لە بواری هەواڵگری دەرکەوت، چونکە ئەڵمانیا بۆ دوورخستنەوەی سەرنجی هاوپەیمانان لەسەر بەرەی ڕۆژئاوا و ئەوروپا، هەوڵیدەدا بەرەیەکی شەڕ لە ڕۆژهەڵات بکاتەوە (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 282). بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیدا هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی بەریتانیا لە هیندستان، ئەو هەنگاوەشی تەنها لەڕێگەی ئێران بۆی دەچووە سەر (تمدن، 1350هـ.ش، 78). لەم بارەیەوە (تەقی زادە) کە یەکێک لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی ئێران بوو، لە ساڵی 1915 پەیوەندی بە ئەڵمانەکان کرد، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:ئەڵمانەکان زۆر بایەخیان بە هیندییەکان دەدا، دانە دانەیان لێرەو لەوێ لە ئەمریکا کۆکردبووەوە و بردبوویاننە بەرلین، لەوێ ئامادەیان کردبوون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە هیندستان... ئەوان پێیان وابوو بۆ گەڕانەوەیان بۆ هیندستان دەبێ بەڕێگەی خاکی عوسمانی و ئێران بێت، بۆیە زۆر پێیان وابوو ئەگەر لە ئێران کەس نەبێ هاوکاریان بکات ئەوا پێویستە نەتەوەییەکانی ئێران بهێننە ڕیزی خۆیان (تقی زادە، 1368هـ.ش، 183). بۆیە دەکرێت بڵێین، کە ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی ئەڵمانیا هەوڵ بدا هەرچۆنێک بێت ئێران پەلکێشی جەنگ بکات و بیباتە ڕیزی خۆیەوە، بەتایبەتیش لەڕێگەی ڕاکێشانی هاوسۆزی ئازادیخوازەکانی ئێران بەلای خۆیدا (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 282).

لە ڕاستیدا بیرۆکەی ڕاگەیاندنی (جیهادی پیرۆز)، دەگەڕایەوە بۆ ئەنوەر پاشای(10) وەزیری جەنگی عوسمانی، چونکە ناوبراو پێی وابوو لەم ڕێگایەوە دەتوانن موسڵمانانی وڵاتانی عەرەبی و ئێران و دەوڵەتی عوسمانیش لە دژی هاوپەیمانەکان هان بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لەئەڵمانیا کرد کۆمەڵێک ئەفسەری لێهاتوو لەگەڵ گەنجانی عوسمانی لەڕێگەی ئێرانەوە بنێرن بۆ ئەفغانستان و دەقی فتوای سوڵتانی عوسمانی و نامەیەکی تایبەتی قەیسەری ئەڵمانیا بە دیاری بۆ میری ئەفغانستان بە ناوی (حەبیبوڵلا خان(11))ی میری ئەفغانستان ببەن، بۆ ئەوەی موسڵمانانی ئەوێ لە دژی بەریتانیا ڕاپەڕن (سایکس، 1348هـ.ش، 36 – 37)، هەروەها سەرکردایەتی ئەو کردەیەش کە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی بۆ دەدا، بە سەرکردایەتی فەرماندەیەکی سەربازی عوسمانی بوو بە ناوی (ڕەئوف بەگ)، هەرچی کارمەندانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی بوو، بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوانیان تەنها ڕۆڵی هاوکاریان دەبینی (فن میکوش، 1383هـ.ش، 68).

جێگەی ئاماژەیە هەنگاوەکانی دواتری ئەو دوو وڵاتە دەریخست هەریەکەیان بە پێچەوانەی ئەوی تر ڕەفتاری دەکرد لە بارەی شێوازو چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەی سەربازی لە ئێران و ئەفغانستان (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 108)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی ئەڵمانیا لە بارودۆخێکی سەختی جەنگدابوو، بۆ ئەوەی سەرنجی وڵاتانی هاوپەیمانی لەسەر بەرەی ئەوروپا دووربخاتەوە، بەگەرمی پێشوازی لەبیرۆکەکەی ئەنوەر پاشا کرد، بۆ ئەو مەبەستەش (25) ئەفسەری هەواڵگری ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرد بۆ ئەوەی لەوێ لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەکە ڕێکبکەون (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 23). سەرەتا بڕیاربوو سەرۆکایەتی نێردە ئەڵمانییەکان لەئەستۆی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بێ، بەڵام بەهۆی هەبوونی ئەفسەرانی سەربازی لە نێردەکاندا، بۆیە بڕیاردرا نێردەکان لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و سەرۆکایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا بە هاوبەشی سەرپەرشتی بکرێن (ارباب، 1383هـ، 67).

بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا هەزاران بڵاوکراوەی بە زمانی هیندی ئامادە کرد، بۆ ئەوەی دواتر لەڕێگای ئەفغانستانەوە بگات بەدەستی هیندییەکان (سایکس، 1348هـ.ش، 37). یەکێک لە دیارترین ئەو پڕوپاگەندانەی کە ئەو بڵاوکراوانە لەخۆیگرتبوو، جەختکردنەوە بوو لەسەر موسڵمان بوونی ڤیلهێلمی دووەمی قەیسەری ئەڵمانی، تەنانەت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە ناوبراو سەردانی ماڵی خواشی کردووە، ئامادەیە پشتیوانی عوسمانییەکان بکات لەو جیهادەی لە دژی ئینگلیزەکان ڕایگەیاندووە (وین، 1383هـ.ش، 318)، هەروەها پارە چەک و پێداویستی سەربازی زۆری ئامادە کرد بۆ ئەوەی لەڕێگای دەوڵەتی عوسمانییەوە بینێرێت بۆ ئێران و لەنێو هۆزەکانی لایەنگری خۆی بڵاو بکاتەوە بۆ دژایەتیکردنی بەریتانیا و ڕوسیا (صادق، 1367هـ.ش، 33 – 34).

شیاوی باسە، دەوڵەتی ئەڵمانیا بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە میری ئەفغانستان 3 کەسی ڕاسپاردبوو، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی تیمەکە بکەن، کە ئەوانیش (ڤاسمۆس، نیدەرمایەر و شۆنمان) بوون، کە ئەرکی سەرەکییان هاندانی گەلانی موسڵمان بوو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە دژی بەریتانیا و ڕوسیا، بەڵام دوای گەیشتنیان بە ئەستەنبۆڵ ڤاسمۆس ئەرکەکەی بە (شۆنمان) دەسپێرێت و خۆی بەرەو باشووری ئێران(12) دەچێت بۆ ئەوەی لەوێ چالاکی ئەنجام بدات، هەرچی شۆنمان بوو سەرکردایەتی بەرەی کرماشانی گرتە ئەستۆ، بۆیە ئەرکی چوون بۆ ئەفغانستان بە نیدەرمایەر سپێردرا (لیتن، 1385هـ.ش، 171 – 172)، بەڵام زۆری نەبرد کە ڤاسمۆس واز لەسەرۆکایەتیکردنی نێردە هەواڵگرییەکە دەهێنێت، لەم بارەیەشەوە یەکێک لەمێژوونووسان ئاماژە بە هۆکاری وازهێنانی ڤاسمۆس و دابەشبوونی نێردەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ ناکۆکی نێوان ئەوان و گروپێکی دیکەی هەواڵگری سەر بە وڵاتەکەیان کە پێشتر لە وڵاتانی ئەفریقیا چالاکیان ئەنجامدابوو، دوای ئەوەی گەیشتوونەتە شاری حەلەب لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی چالاکییەکان لەگەڵ ڤاسمۆس نێوانیان تێکچووە، بۆیە ڤاسمۆس وازی لەسەرکردایەتی نێردەکە و چوونی بۆ ئەفغانستان هێناو بەرەو باشووری ئێران چوو تا لەوێ چالاکی ئەنجام بدات، چونکە پێشتر ئاشنایەتی لە ناوچەکە و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەبوو (سایکس، 1348هـ.ش، 39 – 40، 42 – 43).

هاوکات دەوڵەتی ئەڵمانیا جگە لەو 3 کەسە چەند گروپێکی تریشی ڕاسپارد بۆ ئەو ئەرکە، لەوانە گروپی کلاین، کە ئەمەیان ئەرکی سیاسی و سەربازی پێسپێردرابوو، هەروەها دەستەی هێنتنگ، ئەو دەستەیەش لەژێر چاودێری وەزارەت دەرەوەی ئەڵمانیا نێردرا بۆ ئەفغانستان، هەروەها عوسمانییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە گروپێکی سەربازی و هەواڵگریان نارده ئێران بۆ ئەوەی لەوێوە بچنە ئەفغانستان، بەڵام گروپە سەربازییەکە هەر لەسەر سنوور ڕووبەڕووی بەرەنگاری توندی هۆزەکانی سنجاوی بووەوە و شکستی هێنا (ارباب، 1383هـ.ش، 63 – 64). هەرچی گروپەکەی تر بوو بە سەرۆکایەتی کەسێک بە ناوی عوبێدوڵلا ئەفەندی، کە نوێنەری شاری ئیزمیر بوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی، ڕاسپێردرابوو بەیاوەری نیدەرمایەر بچێت بۆ ئەفغانستان و پەیامی قەیسەر و سوڵتانی عوسمانی بگەیەننە میری ئەفغانستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی عوبێدوڵلا ئەفەندی لە سەرەتادا دەچێتە شاری تەهران و بۆ ماوەیەک لەو شارە مایەوە لەلایەن دەزگای هەواڵگری بەریتانی دەستگیر کراو دوورخرایەوە بۆ دەرەوەی ئێران (کحال زادە، 1363هـ.ش، 210). بەمەش عوسمانییەکان نەیانتوانی هیچ نێردەیەک بنێرن بۆ ئەفغانستان.

جێگەی ئاماژەیە بەپێی ئەو بەرنامەیەی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی دایناببوو، وڵاتی ئێران وەکوو ڕێگەی تێپەڕینی نێردەی هەواڵگری ئەڵمانی بۆ ئەفغانستان و هیندستان دیاریکرابوو، گروپەکە بۆ سەر چەند دەستەی بچوکتر دابەشکران و هەریەک لەوان لە ناوچەی جیاوازدا چالاکیان ئەنجامداو هەوڵەکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە نەیارانی ئینگلیزەکان بکەن لەو ناوچانەی دەیگەیشتنێ و لە ناوچەکانی خۆیان ڕێکیان بخەن و لە دژی ئینگلیز بەکاریان بێنن، هەرچی وڵاتی ئێرانیش بوو، ئەڵمانیا هەوڵیدەدا ئەو وڵاتە لەپاڵ خۆیدا پەلکێشی شەڕ بکات، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوەی بۆ نەچووە سەر، ئەوا هەرچۆنێک بێت ئێران لایەنگیری وڵاتانی ناوەند بکات (اسکرین، 1954، 19). لە ڕاستیدا نێردەکانی ئەڵمانیا کە دەچوون بۆ ئێران خۆیان لەژێر ناوی (کونسوڵ/ Council) دەناساند، ئەمەش بۆ ئەوەبوو سوود لەو پارێزبەندییە وەربگرن، کە نوێنەرانی دیپلۆماسی لە وڵاتان هەیانبوو (ارباب، 1383هـ.ش، 63). ئەگەرچی وڵاتی ئێران نیگەران بوو بە چوونی کارمەندانی ئەڵمانی بۆ وڵاتەکەی و کردنەوەی کونسوڵگەری بەبێ ڕەزامەندی ئەو، بەڵام ئەو نیگەرانییەی زۆر گوێی پێنەدەدرا، چونکە کارمەندانی ئەڵمانی بەبێ ڕێگەپێدانی فەرمی دەچوونە ئێران و لەشارە جیاوازەکان کونسوڵگەریان دەکردەوەو چالاکیان ئەنجام دەدا، بەمەش لە سەرەتای شوباتی 1915 ژمارەی نێردەکانی ئەڵمانیا کەئێران بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد (مابرلی، 1369هـ.ش، 87). بەتایبەتی لەدوای دەستگیرکردنی کونسوڵ و داخستنی کونسوڵخانەی ئەڵمانی لە شاری بوشەهر لە باشووری ئێران و لە شاری تەبریز لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەهەمان ساڵدا، ئەمەش پاڵی بە ئەڵمانیا نا لە شارەکانی (کرماشان، ئەسفەهان، هەمەدان) کونسوڵگەری نوێ بکەنەوە بە بێ ڕەزامەندی حکومەتی ئێرانی، چونکە وڵاتی ئێران بەهۆی ڕەوشی جەنگ،

له بارودۆخێکی ئەوتۆ دانەبوو بتوانێت دژی ئەو هەنگاوانەی ئەڵمانیا بوەستێتەوە لە وڵاتەکەی، بۆیە زیاتر پەنای بۆ هەنگاوی دیپلۆماسی برد، ئەویش بە ئاراستەکردنی یاداشتی نیگەرانی بوو بۆ وڵاتی ئەڵمانیا (ارباب، 1383هـ.ش، 163 – 164).

### 3. چوونی دەستەو گروپە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا لە ئێران:-

### 3. 1. دەستەی نیدەرمایەر:-

دوای ئەوەی وڵاتی ئەڵمانیا ڕەزامەندی لەسەر داوای دەوڵەتی عوسمانی نیشاندا لەبارەی ناردنی نێردەی هەواڵگری هاوبەشی ئەڵمانی و عوسمانی بۆ ئێران و ئەفغانستان و هیندستان، سەرەتا شۆنمان کە یەکێک بوو لەئەندامانی دەستەی هەواڵگری ئەڵمانی لە سەرەتای ئەیلولی 1914 بەرەو ئەستەنبوڵ بەڕێکەوت، لەوێ چاوی بە ڤاسمۆس کەوت و لەگەڵ ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگی عوسمانی لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی پلانەکەیان وتوێژیانکرد، سەرباری ئەوەی عوسمانییەکان فەرماندەیەکی سەربازیان بە ناوی ڕەئوف بەگ، وەک سەرۆکی تیمی عوسمانییەکان ۆ چوونیان بۆ ئەفغانستان دیاری کردبوو، دوای ئەوەی ڤاسمۆس لە ناوەڕاستی ئەیلولدا بەرەو حەلەب بەڕێکەوت، لە 6ی تشرینی یەکەمی 1914 (ئیریش یۆهان جۆرج زوگمایەر/ 13) Erich Johann Georg Zugmayer) پەیوەندی بە شۆنمان کردو هەردووکیان لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری هەواڵگری چوون بۆ حەلەب و پاشان بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن، لەوێشەوە هەریەکەیان بە ئاراستەی جیاواز بەرەو وڵاتی ئێران چوون بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان (سپهر، 1362هـ.ش، 59 – 60).

بۆ ئەو مەبەستە لە وەزارەتی جەنگەوە پەیوەندیی بە نیدەرمایەر کرا کە لەبەرەکانی جەنگ بوو خۆی بۆ ئەرکێکی گرنگ ئامادە بکات، ئەویش بەیاوەری یەکێک لەهاوڕێ نزیکەکانی بە ناوی (یاکوب / یەعقوب) چوون بۆ بەرلین، لەوێ پێیان ڕاگەیاند کە دەوڵەتی ئەڵمانیا بەهۆی ئەو شارەزاییەی ناوبراو لە هیندستان و ئێرانی هەیە، بۆیە ئەویان پێشنیار کردووە، تاوەکوو سەرکردایەتی نێردەیەک بکات بە مەبەستی دروستکردنی گرفت بۆ ئینگلیزەکان لە هیندستان، لەپێش ئەویش 25 کەسی تر نێردراون بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام نیدەرمایەر ئاماژە بەوە دەکات، کە تەنها یەکێکیان نەبێ ئەوانی تر شارەزاییان لە ئێران و هیندستان نەبوو، بۆیە پێی وابوو ئەرکەکە سەرکەوتوو نابێت، بەهۆی بەهێزی بەریتانیا لە هیندستان و بێ هیوایی لە هیندییەکان لەوەی بتوانن لە دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕن، چونکە ناوبراو لە ساڵی 1914 گەڕابۆوە بۆ ئەڵمانیا و بەتەواوی ئاگاداری ڕەوشی ئەفغاستان بوو، بەڵام وەک خۆی ئاماژەی پێ داوە تاکە هۆکار بۆ ڕازی بوونی بە سەرکردایەتیکردنی ئەو کردەیە، ئەوە بوو، کە ناوابرو پێی وابوو زەمینەی ئێران و ئەفغانستان گونجاوە بۆ سەرکەوتنی کردەی هەواڵگری ئەڵمانی (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 16 – 19)، هەروەها واشی بۆچووبوو کە بەهۆی نەبوونی ڕێگاوبانی گونجاو و نەبوونی هێڵی شەمەندەفەر و هێڵی تەلەفۆن باشتر دەتوانرێ ئاستەنگ بۆ بەریتانییەکان دروست بکرێت لەناو خاکی موسڵماندا (معتضد، 1387هـ.ش، 248).

نیدەرمایەر توانی زوگمایەر ڕازی بکات بۆ ئەوەی لە کردەکەیدا یاوەری بکات، چونکە ناوبراو کەسێکی شارەزای زمان و داب و نەریت و جوگرافیای ئێران بوو، شارەزای لە ناوچەکانی بەلوچستان و تورکستان هەبوو (معتضد، 1378هـ.ش، 248). جگە لە زوگمایەر دوو کەسی تریشی لەگەڵدابوو بە ناوەکانی (پاچێن/ Paschen) و (ولیەم/ Welhelm)، ئەوانە دوو هەفتەیەک لەدوای چوونی ڤاسمۆس گەیشتنە ئەستەنبوڵ و لەوێ چاویان بە ئەنوەر پاشا کەوت و لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەکە ڕێککەوتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوێ دووچاری گرفتێک بوونەوە، ئەویش بەهۆی ڕاگیرانی ئەو چەک و کەلوپەل و پێداویستییە سەربازییانەی کەبڕیاربوو لەگەڵ خۆیان ببەن لە وڵاتی ڕۆمانیا، بۆیە داوای لەبەرپرسانی وڵاتەکەی کرد، سەرلەنوێ پێداویستی تری جەنگیان بۆ بنێرێت، هەروەها لەڕێگەی خۆیانەوە هەرچۆنێک بێت فشار لە وڵاتی ڕۆمانیا بکەن بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان بگاتە دەستی، بۆیە ناوبراو ناچار دەبێت تا گەیشتی پێداویستییەکان لە ئەستەنبوڵ بمێنێتەوە (سایکس، 1348هـ.ش، 40 – 41). جێگەی ئاماژەیە پێداویستییەکانیان بریتی بوو لەچەندین سندوق کە ئامێری بێ تەلی تەلەگراف و سەدان چەکی خۆری ڕشێنەر

[ڕەشاش] و تفەنگ و یەک ملیۆن فیشەک و چەند هەزار بڵاوکراوەی نووسراو بە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و ئۆردو و سیخ و پنجابی لەخۆگرتبوو (معتضد، 1378هـ.ش، 249).

ئەو ماوەیەی نیدەرمایەر لە ئەستەنبۆڵ مایەوە، بیریکردەوە کەوا چاکە هێرش بکەنە سەر پاڵاوگەی نەوتی ئابادان لە باشووری ئێران، بۆ ئەو مەبەستەش ئەنوەر پاشا و لایەنی پەیوەندیداری لەدەوڵەتی ئەڵمانیا ئاگارکردبۆوە، ئەگەرچی ئەنوەر پاشا بیرۆکەکەی پێ باشبوو، بەڵام بەرپرسانی وڵاتی ئەڵمانیا دژی ئەو کردەیە بوون بەبیانووی ئەوەی ئەوان نایانەوێ زیان بە پاڵاوگەکان بگات، چونکە وایان دەبینی کاتێک دەست بەسەر باشووری ئێران دادەگرن خۆیان سوودی لێ دەبینن، گومانی ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی نیدەرمایەر، بۆیە داوای وازهێنانی کرد لەسەرکردایەتی کردەکان، بەڵام وڵاتەکەی ڕازی نەبوو (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 26). لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەی نیدەرمایەر دەکرێ بە یەکەمین هەوڵی ناوبراو دابنرێت بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، بەڵام بەهۆی دڵنیابوونی ئەڵمانیا لەوەی گوایە ئەوان دەتوانن دواتر بەئاسانی دەست بەسەر باشووری ئێران دابگرن بۆیە ڕێگریان لەئەنجامدانی کردەیەکی لەو شێوە کرد، بەڵام لە داهاتوودا دەرفەتی لەو شێوەیان بۆ نەڕەخساوە زیان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بدەن، بەهۆی چوونی هێزی چەکداری بەریتانی بۆ ناوچەکانی باشووری ئێران، بە مەبەستی پاراستنی پاڵاوگەکان (سایکس، 1348هـ.ش، 41 – 42).

سەرەنجام دوای گەیشتنی پێداویستییە جەنگییەکان لە 5ی کانونی یەکەمی 1914 لە ئەستەنبۆڵ بەڕێکەوت و لە 13ی مانگ گەیشتە حەلەب و پاشان چوو بۆ شاری بەغدا، لەوێ چاوی بە ڕەئوف بەگ فەرماندەی سەربازی عوسمانی کەوت کە بەنیازبوو لەگەڵیدا لە کردەکە بەشداری بکات، بەڵام بەهۆی گۆڕانی ڕەوشی جەنگ لە شاری بەسرا، ڕئوف بەگ پێی ڕادەگەیەنێت لە کاتی ئێستادا ئەوان هاوکارییەکانیان پێشکەش بە سوپای عوسمانی دەکەن کە لە باشووری عێراق لە جەنگدان و بەنیازنین لەگەڵیاندا بچن بۆ ئەفغانستان (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 25، 29، 34 – 38). نیدەرمایەر دوای گەیشتنی بە بەغدا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕەوشی ناوخۆیی ئێران، گروپەکەی دابەشی چەند دەستەیەکی بچوک کردو بەڕێگای جیاواز بۆ شارەکانی (کرماشان، سوڵتان ئاباد، بروجەرد، ئەسفەهان، کوردستان [سنە] و هەمەدان) نارد (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 133). چونکە نیدەرمایەر پلانی دانابوو دەیویست بەو ڕێگایەدا بەر لەوەی بچێت بۆ ئەفغانستان، شاری ئەسفەهان بکاتە بارەگای سەرەکی کردەکانی، لەوێشەوە بەرەو یەزد و بەلوچستان و دواتریش شاری هیرات لەئەفغانستان بڕۆن (ارباب، 1383هـ.ش، 73).

دوای ماوەیەک مانەوەی نیدەرمایەر و گروپەکەی لە شاری بەغدا بە 3 دەستەی جیاواز، لە 28ی ئاداری 1915 بەرەو وڵاتی ئێران بەڕێکەوتن (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 55). سەرەنجام لە 26ی نیسانی 1915 گەیشتنە شاری تەهران (لیتن، 1385هـ.ش، 234 - 235) دوای گەیشتنی بە شارەکە بۆ ماوەی 2 مانگ دەمێنێتەوە، بەر لەوەی بەرەو ڕۆژهەڵات [ئەفغانستان] بەڕێکەون سەرپەرشتی جێگیرکردنی بارەگاکان و کۆکردنەوەی زانیاری و دابینکردنی چەک و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە دژی نەیارەکانی ئەڵمانیا لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران دەکات (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 55، 78). گروپی سەر بەنیدەرمایەر لە 5ی ئایاری 1915 بە سەرۆکایەتی زوگمایەر و گریزینگەر گەیشتنە شاری ئەسفەهان و لەوێ دەستیان بەچالاکی کرد لە دژی لایەنگرانی ڕوسیا و بەریتانیا (باست، 1377هـ.ش، 42) بە جۆرێک کارمەندانی سەربە نیدەرمایەر توانیان ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لەدژایەتیکردنی ئینگلیزو ڕوسەکان، کارمەندێکی دیکە هەبوو بە ناوی (زیلەر/ Seiler) کە توانی لەئایاری 1915 لە شاری ئەسفەهان یاریدەدەری کونسوڵی ڕوسیا لە شارەکە بکوژێت و کونسوڵی بەریتانیای بریندار کرد (اسکرین، 1954، 20).

لە ڕاستیدا کوشتنی یاریدەدەری کونسوڵی ڕوسیا کە هاوکات سەرۆکی بانکی ڕوسی بوو لە شاری ئەسفەهان دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بە جۆرێک هەردوو باڵیۆزی ڕوسیا و بەریتانیا لە تەهران داوایان لەحکومەتی ئێران کرد، پارێزگاری شارەکە بگۆڕێت و ئەنجامدەرانی دەستگیر بکات و سزایان بدات (بهرامی، 1363هـ.ش، 329). هەرچەندە حکومەتی ئێران بۆ ڕاگرتنی ڕەزامەندی ئەو دوو وڵاتە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی دا،

بەڵام ئەنجامی نەبوو، چونکە ناوچەکە بەتەواوی لەژێر دەستی حکومەتی ئێراندا نەمابوو، ئەگەرچی هێزی ژاندارم لەو شارەدا هەبوون کە ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی شارەکە بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەیلیان بەلای ئەڵمانیادا بوو بەدواداچوونیان بۆ کارەکان نەدەکرد، سەرباری ئەوەی ئەو کەسەی یاریدەدری کونسوڵی ڕوسیای کوشت، کەسێکی سەردەستەی چەتەکانی شاری ئەسفەهان بوو، بە ناوی حوسێن کاشی، کە لایەنگر و هاوسۆزی ئەڵمانیا بوو، ناوبراو خاوەن هێزێکی فراوان بوو لە ناوچەکەدا و هێزی ژاندارم پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیان بەو ڕاسپاردبوو (بهرامی، 1363هـ.ش، 329 – 330). بە جۆرێک ناوبراو توانی زۆربەی چین و توێژەکانی شاری ئەسفەهان بەتایبەتی ئەوانەی دژی بەریتانیا و ڕوسیا بوون، لەدەوری خۆیان کۆبکاتەوە (مابرلی، 1369هـ.ش، 145).

ئەڵمانەکان کە بەنیازبوون شاری ئەسفەهان بکەنە ناوەندنی چالاکییەکانی خۆیان، لەوێوە چالاکییەکانیان بەرەو باشوور و ناوەڕاستی ئێران ئاراستە بکەن، زیلەر کە کونسوڵی ئەڵمانیا بوو لە ئەسفەهان، ڕۆڵی گرنگی بینی لە ڕاکێشانی هۆزی بەختیارییەکان(14) بەلای خۆیاندا لەو شارە، سەرباری ئەوەی هەریەک لە زوگمایەر و زیلەر کە توانیان لە شاری ئەسفەهان بەرەو شارەکانی (یەزد، کرمان، شیراز، بەم) لە ناوەڕاست و باشووری ئێران بڕۆن، لەهەریەکێک لەو شارانەدا لایەنگری خۆیان پەیداکرد، ئەویش لەڕێگەی پێدانی چەک و پارە، ئەو پارانەش کە دەیانبەخشییەوە، لەڕێگەی دەستگرتن بەسەر لقەکانی بانکی شاهنشاهی بەریتانی بەدەستیان دەهێنا، بە جۆرێک ئەوان توانیان دەست بەسەر حەوت لقی بانکی شاهنشاهی بەریتانی لە شارەکانی (کرماشان، هەمەدان، سوڵتان ئاباد، ئەسسفەهان و شیراز) دابگرن (میروشنیکف، 1344هـ.ش، 49 – 50).

جێگەی ئاماژەیە لە ئەنجامی چالاکییەکانی کارمەندانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لە شارەکانی ئەسفەهان و کرمان و شیراز، توانرا کونسوڵخانەکانی ڕوسیا و بەریتانیا دەربکەن (مخبرالسلطنه، 1363هـ.ش، ج3 – 4، 328). لەم بارەیەوە یاریدەدەری کونسوڵی بەریتانیا لە شاری کرمان لە ماوەی ساڵانی (1915 - 1919)، بە ناوی (سێر کلارمۆنت پێرسیڤاڵ سکرین 1888 - 1974/ Sir Clarmont Percival Skrine )، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:لە ئەنجامی چالاکی ئەڵمانییەکان لە شارەکانی ئەسفەهان و شیرازو کرمان، گەیشتبووە ئاستێک تا کۆتایی ساڵی 1915 هیچ هاووڵاتییەکی بەریتانی لەو شارانە د ەدەبینرا (اسکرین، 1954، 22). تەنانەت کارمەندانی ئەڵمانی ئێرانییەکانی لایەنگری بەریتانیا و ڕوسیاشیان تیرۆر دەکرد، بۆ نموونە ئەندامانی دەستەی زوگمایەر لە شاری کەسێکی دیاری ئەو شارەیان بە ناوی (ئاغا فاروق شا) لەناوبرد (اسکرین، 1954، 22).

سەبارەت بەنیدەرمایەر لە دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، لە 6ی ئابی 1915 بەرەو ئەفغانستان بەڕێکەوت، لە ڕێگادا گروپی (فۆن هێنتیگ)یش چوونە پاڵیانەوە (سپهر، 1362هـ.ش، 62). کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ نیدەرمایەر بەرەو ئەفغانستان چوون ژمارەیان 350 کەس بوون، بەڵام هەموویان نەگەیشتنە شوێنی مەبەست، چونکە لە ڕێگادا دووچاری ناخۆشی زۆر بوونەوە، بەهۆی سەختی ڕێگاکان و چاودێری توندی ڕوسیا و بەریتانیا لەسەریان (کحال زاده، 1363هـ.ش، 211). سەرەنجام لەو ژمارەیەی کە چوون بۆ ئەفغانستان لەگەڵ ستافەکەی کە بەنهێنی چوون بۆ کابولی پایتەختی ئەفغانستان، بۆ ماوەی 10 مانگ لەوێ مانەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە ڕازیکردنی فەرمانڕەوای ئەفغانستان بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر هیندستان، چونکە هاوکاری دارایی لە ئینگلیزەکانەوە وەرگرتبوو، بۆیە داوای لە ئەڵمانەکان کرد. ئەگەر سوپای ئەڵمانیا بگاتە سنووری ئەفغانستان، هێرش دەکاتە سەر ئینگلیزەکان لە هیندستان، ئەگەرچی ئەو مەرجە بۆ ئەڵمانەکان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان بەشێک لەهێزەکانی خۆیان لەسنوورەکانی ئەفغانستان جێگیر بکەن لەترسی چوونی هێزی ئەڵمانی بۆ ناوچەکە، دوای ئەوەی نیدەر مایەر ئامانجەکەی خۆی نەپێکا بەهەمان ڕێگا گەڕایەوە بۆ ئێران (اعظام الوزاره، 1342هـ.ش، ج1، 270 – 271).

لە ڕاستیدا گەیشتنی نیدەرمایەر بە ئەفغانستان ئەگەرچی سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بەڵام ببووە هۆی دروستکردنی نیگەرانی بەریتانییەکان، چونکە ئەوان چارەنووسی مانەوەی خۆیان لە ڕۆژهەڵات بەستبووەوە بە سەرکەوتنیان لە

شەڕەکانی بەرەی عێراق (اسکرین، 1954، 22). دوای سەرنەکەوتنی نێردەی هەواڵگری ئەڵمانیا لە ئەفغانستان، دابەشی سەر دوو دەستە بوون، دەستەی نیدەرمایەر بەرێگەی شاری مەشهەد لە ڕۆژهەڵاتی ئێران چوون بۆ شاری تەهران و لەوێشەوە گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا، بەڵام دەستەی هێنتیگ، ئەو ڕیگەی وڵاتی تورکستانی گرتەبەر، لەوێشەوە سەرگەردان بوو لەدوای ماوەیەکی زۆر ئینجا توانی بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا (سپهر، 1362هـ.ش، 65). لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەگەرچی گروپی نیدەرمایەر توانیان بگەنە ئەفغانستان و پەیوەندی بەمیری ئەو وڵاتە بکەن، بەڵام سەرکەوتوونەبوون لەو ئامانجەی بۆی چووبوون، ئەویش بەهۆی بێ مەیلی میری ئەفغانستان و نەبوونی هێزی پشتیوانی و چاودێری توندی بەریتانییەکان کردەکەیان هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێنا (غبار، 1368هـ.ش، 739 – 740)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان لەناو ئێران و لەڕێگای چوونیان بۆ ئەفغانستان هەندێک کردە ئەنجام بدەن ئینگلیز و ڕوسەکان هەراسان بکەن، بەڵام بەگشتی کردەکەیان دەسکەوتێکی ئەوتۆی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا نەبوو.

### 3. 2. چالاکییەکانی ڤاسمۆس:-

سەبارەی بە هەوڵەکانی ڤاسمۆس لە باشووری ئێران جێگەی ئاماژەیە ناوبراو لە 28ی کانونی دووەمی 1915 شاری بەغدای بەئارستەی باشووری ئێران بەجێهێشت (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 141). ڤاسمۆس لەو گەشتەیدا کە بە ناوی کونسوڵ بەرەوو ئێران چوو بەڵگەنامەی پێویستی بۆ ئەو مەبەستە و برێک سکەی زێڕ و چەند سندوقێکی پڕ لە بڵاوکراوە بە زمانی باشووری ئێران و دوو هاووڵاتی ئەڵمانی لەگەڵدابوو، یەکێک لەوان پزیشکێک بوو بە ناوی (دکتۆر لیندەرز/ Dr. Lernders) و ئەوی تریان بەرپرسی کۆمپانیای ڤێنکهاوس بوو لە شاری بەغدا بە ناوی (بۆنشترۆف/ Bohnstroff)، هەروەها سێ هاووڵاتی ئێرانیشی لەگەڵدابوو (کحال زادە، 1363هـ.ش، 348). جگە لەوانە ڤاسمۆس سێ هاووڵاتی بە ڕەگەز هیندی هاوسەفەری بوون، ئەوان بۆ ئەوە هاوەڵی گەشتەکەی بوون بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان هیندییەکان لە دژی ئینگلیزەکان هانبدەن، دوای ماوەیەک لە گەشتەکەیان ڤاسمۆس و یاوەرەکانی توانیان لە سەرەتای شوباتی 1915 بگەنە ناو خاکی ئێران (گرکە، 1377هـ.ش، ج1، 141 – 142).

ڤاسمۆس دوای ئەوەی گەیشتە ناو خاکی ئێران لە ڕێگادا چاوی بە (خان/ سەرۆک هۆز)ەکانی بەختیاری لە ناوچەکانی لوڕستان و پشتکۆ کەوت، کە لە دیارترینیان (بی بی مریەم بەختیاری، ئیبراهیمخان زرغامولسەڵتەنە و فەتحعەلیخان بەختیار سەردار موعەزەم(17)) ناوبراو هاوکات لەگەڵ گروپی نیدەرمایەر بەرێگای بەندەر بوشەهر لە باشووری ئێران چووە ناو ئەو وڵاتە، بۆ ئەوەی هۆزەکانی باشووری ئێران لە دژی ئینگلیزەکان هان بدات (میروشنیکف، 1344هـ.ش، 50). هەرچەندە ڤاسمۆس بە ڕووکەش وەک کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەرێمی فارس لە باشووری ئێران دەستنیشان کرابوو، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرەکی ئەو بریتی بوو لەهاندانی هۆزەکان و دروستکردنی گرفت لەبەردەم هەناردەکردنی نەوت و زیان گەیاندن بە کەشتی جەنگی و نەوتبەری بەریتانی لە کەنداو (معتضد، 1378هـ.ش، 275). لەم بارەیەوە سەرکونسوڵی بەریتانیا لە هەرێمی فارس (شیراز) بە ناوی ویلیام فریدریک ترەیڤس ئۆکانەر 1870 - 1943/ 1915 – 1909) (William Frederick Travers O'Connor)لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەبارەی ڤاسمۆس، دەڵێت:یەکێک لەو کارمەندە چالاکانەی کە ئەرکی ڕەخساندنی زەمینەی چالاکی بوو لە باشووری ئێران، ڤاسمۆسی کونسوڵی ناوداری ئەڵمانیا بوو لە بوشەهر، ئەو کەسێک بوو دەردەسەری زۆری بۆ ئێمە دروستکرد و بووەهۆی دەستگیرکردنی هەندێک لەئینگلیزەکانی باشووری ئێران لەلایەن هۆزەکانی ناوچەکە (اوکانر، 1376هـ.ش، 96).

ڤاسمۆس لە شارەکانی بوشەهر و شیراز و ناوچەکانی دەوروبەریان لە باشووری ئێران توانی پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لەهۆزەکانی ناوچەکە و سەرۆکەکانیان دروست بکات، لەوانەش لە ناوچەی (کازرۆن) پەیوەندی لەگەڵ هەریەک لە سوڵتان عەلی و سۆلەتولدەولەی سەرۆک هۆزی قەشقایی(15) دروستکرد، هەروەها لە ناوچەی (تەنگستان(16))یش هەر لە باشووری ئێران توانی هەریەک لە زائیر خزرخانی تەنگستانی و شێخ حوسێنخانی چاکوتاهی و غەزەنفەر ولسەڵتەنە و ڕەئیس عەلی دلڤاری کە کەسایەتی دیاری ناوچەکە بوون دروستکرد و توانی

بیانباته پاڵ خۆیی و لەشەڕەکانیدا دژ بەئینگلیزەکان (کحال زادە، 1363هـش، 348، 351 – 354، 360). ڤاسمۆس لە بەرانبەر پشتیوانی ئەو هۆزانە بۆی چەک و فیشەک و پارەی پێیاندا (وین، 1383هـش، 320).
جێگەی ئاماژەیە ڕاستە ئەو هۆزانەی ناوبران چوونە پاڵ ڤاسمۆس و لە ناوچەکانی خۆیاندا لە دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕین، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت کە زۆربەی ئەوانەی ناوبران و نەتەوەییەکان و ئەندامانی پارتی دیموکرات و هێزی ژاندارم لە باشووری ئێران بەر لەچوونی ڤاسمۆس بۆ ناوچەکەیان نیگەران بوون لە سیاسەتی ئینگلیز، تەنانەت هەندێک لەوان وەک ڕەئیس عەلی دلڤاری بەر لەچوونی ڤاسمۆس بۆ ئەوێ لە دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕی بوو، لە ناوچەی تەنگستانیش بەهەمان شێوە ڕاپەڕین هەبوو (آدمیت، 1327هـش، 52 - 60). لەم بارەیەوە (ئۆکانەر) کونسوڵی بەریتانیا لەشیراز لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:شەڕ لە دژی ئینگلیزەکان، بە پشتیوانی توندی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی دەکرا، لەوانە موخبرولسەڵتەنەی فەرمانڕەوای فارس، کە لایەنگری ئەڵمانیا بوو... هەروەها بەپشتیوانی پارتی دیموکرات و هێزی ژاندارمیش (اوکانر، 1376هـش، 105 – 106).
لە ڕاستیدا ئەگەرچی ئێرانییەکان بەر لەچوونی ڤاسمۆس بۆ ناوچەکەیان لە سیاسەتی ئینگلیز نیگەران و ناڕازی بوون، بەڵام لێرەدا دەکرێت بڵێین سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا لە سەرەتای جەنگ ببووە جێگەی هیوای ئەو ئێرانیيانەی کە ئاواتیان دەخواست لەژێر هەژموونی داگیرکاری ڕوسیا و بەریتانیا ڕزگاریان ببێت، بۆیە توانیوی بەباشی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت لە هاندانی ئێرانییەکان لە دژی ئینگلیزەکان و جوڵاندنی هەستی نەتەوەییان. [، بۆیە کاتێک ڤاسمۆس ئاشکرا بوو پەنایبردە بەر ئەوان لە ناوچەی تەنگستان]
سەبارەت بە هەڵوێستی بەریتانییەکان لە بەرانبەر چالاکییەکانی ڤاسمۆس لە ناوچەکەدا، لە ڕاستیدا وەنەبێ دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە ئێران ئاگاداری جموجۆڵەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی نەبووبێ، بەڵکوو ئەوان هەر لەدوای هەڵگیرسانی جەنگ هەستیان بەو بەمەترسییە کردبوو، بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی هەندێک لەئەندامانی نێردەکانی ئەڵمانی لە شاری ئەستەنبوڵ لە کاتی مەیخواردنەوە نهێنی کردەکانیان درکاندبوو، ئەمەش ببووە هۆی ئاشکرابوونی هەوڵەکانی نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا (ارباب، 1383هـش، 71). بۆیە بەریتانیا بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکانی باشووری ئێران بەگشتی و ناوچە نەوتییەکان بەتایبەتی لە کانونی دووەمی 1915 هێزێکی 12 هەزار سەربازی هیندی بە فەرماندەیی (جەنەڕاڵ ڕۆبینسۆن/ Gen Robinson) ناردە باشووری ئێران، ئەو هێزە ئەرکی پاراستنی بۆڕییەکانی نەوتی ناوچەکە بوو لەترسی تەقاندەوەیان لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە (ذوقی، 1368هـش، 144). ئەوەی مەترسییەکانی بەریتانیا زیاتر کرد دەستگیرکردنی کارمەندێکی (کۆمپانیای ڤێنکهاوس) لە کەنارەکانی کەنداوی فارس لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمی 1915 بوو کە مەمەبەستی تێکدانی هێڵی پەیوەندی بەریتانییەکان لەنێوان ئێران و هیندستان و ئەوروپا چووبووە ناوچەکە (سایکس، 1348هـش، 51 - 52).
لەلایەکی دیکەشەوە (سێر پێرسی سایکس1867 – 1945/ Sir Percy Sykes) ڕاوێژکاری سیاسی سوپای بەریتانیا لە عێراق و کەنداوی فارس، کە پێشتر ئاشنایەتی لەبارەی کەسایەتی ڤاسمۆس هەبوو، ئاگاداری هاتنی ناوبراو بوو بۆ ئێران، بۆیە کەسێکی بە ناوی (کاپتن ئێدوارد ویلیام چارلس نۆئێل 1886 – 1974/ Captain Edward William Charles Noel) کە یاریدەدەری کونسوڵی بەریتانی بوو لە شاری بوشەهر ڕاسپارد بۆ دەستگیرکردنی ناوبراو (گرکە، 1377هـش، 143). پێرسی سایکس لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:لەناو کارمەندانی ئەڵمانی لە ئێران، ڤاسمۆس لەهەموویان بەتواناتربوو، سەرکەوتووانە توانی ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت (سایکس، بیتا، ج2، 624). تەنانەت ئینگلیزەکان بڕی (50 هەزار لیرە)یان وەک پاداشت دیاری کردبوو بۆ هەرکەسێک لەپای ڕادەستکردنی ڤاسمۆس بەزیندوویی یان مردوویی (آدمیت، 1327هـش، 53). جێگەی ئاماژەیە ڤاسمۆس
سەرباری ئەو گرفتانەی کە بەریتانیا بۆ ڤاسمۆسی دروست دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو توانی لە 28ی شوباتی 1915 بگاتە ناوچەی بەهبەهان و لەلایەن فەرمانڕەواو خەڵکی شارەکە پێشوازی گەرمی لێکرا، بەڵام ئەو کە

بەنیازبوو پەیوەندی بە (دکتۆر هێلمۆت لیستەرمان / Dr. Helmuth Listermann) کونسوڵی ئەڵمانی لە شاری بوشەهر بکات، بۆیە بە ئاراستەی شارەکە بەڕێکەوت، هاوکات ئاگاداری ئەوەش بوو کە ئینگلیزەکان بەدوای ئەوانن، بۆیە لە ڕێگادا سێ هیندییەکەو ئێرانییەکانی لێ جیابوونەوە، بەڵام کاتێک گەیشتە ناوچەی بەندەر ڕیگ [لە باشووری شاری بوشەهر لە باشووری ئێران] لەلایەن یەکێک لەسەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە بە ناوی حەیدەرخانی بەندەر ڕیگی کە هاوسۆزی ئینگلیزەکان بوو، لە 5ی ئاداری 1915 لەگەڵ هاوەڵە ئەڵمانییەکانی لەلایەن ناوبراو دەستگیرکران (گرکە، 1377هـ.ش، 143 – 144)، بەڵام ڤاسمۆس بەرلەوەی ڕادەستی ئینگلیزەکان بکرێ توانی لەهەمان شەودا ڕابکات و خۆی بگەیەنێتە ناوچەی تەنگستان (اخگر، 1366هـ.ش، ج1، 136). لەوێ سەرۆک هۆزەکان داڵدەیاندا، هەروەها بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە جلوبەرگی دانیشتوانی ناوچەکەی پۆشی (آدمیت، 1327هـ.ش، 146).

لە سەرەتادا سەرۆک هۆزەکانی تەنگستان هەوڵیاندا لەڕێگەی دانوستان لەگەڵ ئینگلیزەکان دەستگیرکراوە ئەڵمانییەکان ئازاد بکەن، بەڵام کاتێک سەرکەوتوو نەبوون شەڕ لەنێوان ئەوان و هۆزەکانی لایەنگری بەریتانییەکان بە سەرکردایەتی حەیدەرخانی بەندەر ڕیگی و ئیسماعیلخانی شوانکارە ڕوویدا، ئەمەش بووەهۆی بەرفراوانبوونی شەڕەکەو غەزەنفەرولسەڵتەنەی حاکمی (بەرازجان)یش چووە پاڵ تەنگستانی و چاکوتاهییەکان (اخگر، 1366هـ.ش، ج1، 136 – 137). لەدوای ئەو ڕووداوە ڤاسمۆس هەوڵیدا بوونی خۆی لە ناوچەکانی باشووری ئێران بەشێوەی یاسایی نیشان بدات، بۆ ئەوەی بەدووربێت لە ڕاوەدوونانی ئینگلیزەکان، بۆیە پەیامی بۆ باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە تەهران نارد و تیایدا هەوڵەکانی ئینگلیزەکانی لە دژی ئەو باس کردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش کاربەڕێکەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە تەهران لە 9ی ئاداری 1915 پەیامێکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کرد، داوای لەو وڵاتەکردبوو ڕێگری بکەن لە هەوڵەکانی کاپتن نوئێلی ئینگلیزی کە بۆ دەستگیرکردنی ڤاسمۆس دەیدات (معتضد، 1378هـ.ش، 255)، بەڵام ئەو داوایەی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر دەوڵەتی ئینگلیز [بەریتانیا]، چونکە ئینگلیزەکان دوای هەوڵەکانی هۆزەکان بە پشتیوانی ڤاسمۆس، ئەوانیش هێزی سەربازیان لە شاری بوشەهر دابەزاند و تەنانەت لە شەوی 7 لەسەر 8ی ئاداری 1915 لیستەرمانی کونسوڵی ئەڵمانی لە شارەکەو نوێنەری کۆمپانیای (ڤێنکهاوس) دەستگیرکرد و لەگەڵ ئەوانی تر کە پێشتر گیرابوون ڕەوانەی هیندستان کران (گرکە، 1377هـ.ش، 144 – 145). واتە ڕۆژێک بەر لەوەی ئەڵمانیا نامەی گلەیی خۆی بگەیەنێتە ئێران و داوا لەو وڵاتە بکات فشار لە ئینگلیزەکان بکەن، بۆئەوەی ڕێز لەبێلایەنی وڵاتەکەیان بگرێت، ئینگلیزەکان کونسوڵی ئەڵمانیایان دەستگیر کردبوو.

شیاوی باسە لە ئەنجامی دەستگیرکردنی کونسوڵی ئەڵمانی کە هاوکات یاریدەدەری ڤاسمۆسیش بوو، ئینگلیزەکان توانیان دەست بەسەر کۆمەڵێک بەڵگەنامەدابگرن، کە تیایدا ئاماژە بەهەوڵەکانی نیدەرمایەرو ڤاسمۆس کرابوو، کە ئەمەش بووە هۆی ئاشکرابوونی هەنگاوەکانی ئەوان لە ئێران معتضد، 1378هـ.ش، 257). لەبارەی دەستگیرکردنی هاوەڵەکانی ڤاسمۆس، (ئۆکانەر) کونسوڵی بەریتانیا لەشیر از لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:ڤاسمۆس بەهۆی ئەوەی ئەندامانی گروپەکەی لەدەستدابوو، هەروەها پلانەکەی ئاشکرابووبوو، زۆر تورە بوو، ئەمەش وایکرد ناوبراو ناوچەکە بکاتە ناوەندی چالاکییەکانی نەیارانی ئینگلیز (اوکانر، 1376هـ.ش، 102 – 104). ئەم هەنگاوەشی لەدوای ئەوەهات بەتایبەتی دوای ئەوەی ماوەیەک لەناو هۆزی تەنگستانی مایەوە، چوو بۆ شاری شیرازو لەوێ بە پشتیوانی هێزەکانی ژاندارم دەستی بەچالاکی کرد لە دژی ئینگلیزەکان، هەر لەوێ کونسوڵخانەی ئەڵمانیای دامەزراندەوە (اوکانر، 1376هـ.ش، 104 - 105). لەم بارەیەوە بەرپرسی هێزی ژاندارم لە شاری شیراز (هیربد) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە چالاکی کونسوڵی ئەڵمانی دەکات لەو شارەدا بە ناوی (وۆستروۆڤ)، ناوبراو سوود لەو زەمینە لەبارەی کە لە ناوچەکەدا ڕەخسابوو وەربگرێت و کونسوڵی بەریتانیا و سەرۆکی بانکی شاهنشاهی و ئینگلیزەکانی دیکەش لە شارەکە دەربکەن، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار چووبووە لای ئەو داوای لێ یکردبوو بە حکومەتی ناوەندی ڕابگەیەنێت، بۆ ئەوەی فشار لە ڕوسیا و بەریتانیا بکەن ڕێگە بدەن ئەو چەک و تەقەمەنیانەی ئەڵمانەکان لەگەڵ خۆیان

هێنابوویان، کە بەشێکیان لە شاری کرماشان و ئەوی دیکەش لە شاری بەغدا بوو بگوازرێتەوە بۆ ناو ئێران، کە لە بنەڕەتدا بۆ هاوکاری ئێرانییەکانی لایەنگری ئەڵمانیا(17) هێنابوو، بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەن بۆ لەڕزگارکردنی وڵاتی ئێران لەژێر دەستی ئەو دوو وڵاتەدا (هیربد، 1328هـ.ش، 19 – 20). لەم بارەیەوە (ئۆکانەر)ی کونسوڵی بەریتانیا لەشیراز لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:هەرێمی فارس چەند ساڵێک بوو ناوەندێکی ئارام بوو، چی دیکە وەک ژینگەیەکی ئارام هەژمار نەدەکرا (اوکانر، 1376هـ.ش، 105). چونکە ڤاسمۆس سەرباری ئەو مەترسی دەستگیرکردنی کە لەسەری بوو، لە 13ی ئاداری 1915 چووە شاری شیراز و بەئاشکار دەستی بە پڕوپاگەندەو هاندانی ئێرانییەکان و هێزی ژاندارم کرد لە دژی ئینگلیزەکان (گرکە، 1377هـ.ش، 38).

چوونی ڤاسمۆس بۆ باشووری ئێران، کاریگەری هەبوو لەسەر هاندانی هەندێک لەهۆزەکانی شاری بوشەهر، بۆ ئەوەی لە 12ی حوزەیرانی 1915 هێرش بکەنە سەر هێزەکانی ئینگلیز، دیارە ئەو هێرشەش لەلایەن بەریتانییەکانەوە چاوەڕوانکراوبوو، چونکە ئەوان ئاگاداری جموجۆڵەکانی ڤاسمۆس بوون لە ناوچەکەدا، کە هەوڵی هاندانی عەشیرەتەکانی دەدا لە دژیان، بە جۆرێک لە 15ی مانگ کە هاوکاتی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو هێرشەکان دەستی پێکرد بەهاوکاری (1000) هەزار چەکداری عەشیرەتەکان و تۆپێک و چەکێکی ڕەشاش لە (چواردە مایل/ 22.5کم)ی ڕۆژهەڵاتی بوشەهر کۆ کردبووەوە هێرشی کردە سەر شارەکە (مابرلی، 1369هـ.ش، 125). لەو شەڕەدا هۆزەکانی تەنگستانی و چاکوتاهی و هێزی ژاندارم و ئەندامانی پارتی دیموکراتیش بەشداربوون، شەڕەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و سێ شەو بەردەوام بوو، نزیک بوو دەست بەسەر شارەکەدا بگرن لەناکاو هێزێکی پشتیوانی کە ژمارەیان (4000) سەرباز بوو گەیشتنە هانای ئینگلیزەکان، لەلایەکی دیکەش لایەنگرانی ئەڵمانیا فیشەکیان لێبڕا، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی نەتوانن دەست بەسەر شارەکە دابگرن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا نزیکەی 550 هاووڵاتی شارەکە بوونە قوربانی هەروەها نزیکەی 50 چەکداری هۆزەکانیش کوژران، لەلایەنی ئینگلیزەکانیش 1431 کەس کوژران (اخگر، 1366هـ.ش، ج1، 145 – 150). بەگوێرەی ئاماری قوربانییەکانی ئەو شەڕە بێت، گومانی تێدا نییە کە ئەو شەڕە، یەکێک لەشەڕە گەورەکان بووە، کە لەنێوان لایەنگرانی ئەڵمانیا و بەریتانییەکان لە شاری بوشەهر ڕوویداوە، کە بەهۆی جیاوازی هێز و پێداویستی سەربازی نەیانتوانی دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرن.

هێرشە بەردەوامەکانی هۆزەکانی باشووری ئێران بۆ سەر شاری بوشەهر بەهاندانی ڤاسمۆس هاندەربوو بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە 8ی ئابی 1915 هێزێکی سەربازی لە شارەکە دابەزێنن و لە 13ی هەمان مانگدا بەتەواوی دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و بەتوندی بەرەنگاری لایەنگرانی ئەڵمانیا بوونەوە لە شارەکەدا (گرکە، 1377هـ.ش، 46). شیاوی باسە کە (ئاخگەر)ی فەرماندەی هێزی ژاندارم، لەبیرەوەرییرکانی خۆیدا ئاماژەی بەڕۆڵی ڤاسمۆس لەو شەڕەدا کردووەو دەڵێت:ڤاسمۆس بەشداربوو لەشەڕەکەدا و بەدەستی خۆی ئاوی دەدا بەبریندارەکان (اخگر، 1366هـ.ش، ج1، 150). سەرباری ئەوەی هێرشی لایەنگرانی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی ڤاسمۆس بۆ سەر شاری بوشەهر بەردەوامی هەبوو، بەڵام بەهۆی پلەی بەرزی پلەی گەرمای ناوچەکە زیاتر هێرشەکانیان بۆسەر سەربازگەی ئینگلیزەکان، لە کاتی شەو ئەنجام دەداو زیانی گیانیان پێدەگەیاندن (اخگر، 1366هـ.ش، ج1، 150).

لەلایەکی دیکەشەوە ڤاسمۆس بەهاوکاری کونسوڵی ئەڵمانی لە شاری شیراز بە ناوی (کارل وۆسترۆڤ) لەمانگی ئابی 1915دا هەڵمەتەکانی خۆیان دژ بە ئینگلیزەکان چڕ بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناوبراو توانی کۆمیتەیەک(18) پێکبهێنێت لە نەتەوەییە ئێرانییەکانی لایەنگری ئەڵمانیا، کە توانیان لە 7ی ئەیلولی هەمان ساڵدا سکرتێری کونسوڵخانەی بەریتانیا لە شاری شیراز بە ناوی (غولام عەلیخانی نەواب) تیرۆربکەن، بێگومان ئەو ڕووداوەش هاندەربوو بۆ ئەوەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەتەهران فشار لەسەر حکومەتی ئێرانی بکات تاکوو فەرمانڕەوای شاری شیراز بە ناوی موخبرولسەڵتەنە لەپۆستەکەی دوور بخەنەوەو بەشێوەیەکی کاتی سەرۆک عەشیرەتی خەمسەی فارس بە ناوی (قەواmolمولک) کە لایەنگری ئینگلیز بوو لەشوێنی ئەو داندرا (گرکە، 1377هـ.ش، 46).

لە ڕاستیدا هۆکاری لادانی موخبرولسەڵتەنە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئینگلیزەکان پێیان وابوو، ناوبراو دژ بە بە

بەرژەوەندی ئینگلیزەکان لە هەرێمی فارس ڕەفتاری دەکردو هاوکات پشتیوانی ئێرانییە نەتەوەییەکان دەکردو هاوسۆزی ئەڵمانییەکانیش بوو (کحال زادە، 1363هـ.ش، 219 – 220)، بەڵام موخبرولسەڵتەنە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەپێچەوانەی ئینگلیزەکان پێی وایە کەسێکی بێلایەن بوو، سەربارى ئەوەی ئینگلیزەکان پارەیەکی زۆریان لەڕێگەی غولامعەلیخانی نەواب بۆ پێشنیار کردبوو تەنها بۆ ئەوەی بچێتە بەرەی ئەوان، بەڵام ڕەتیکردبۆوە، چونکە ئامانجی ئەو جیا لەپاراستنی ئاسایشی ناوچەکە ڕێگریکردن بووە لە چالاکییەکانی ئەڵمانەکان، ئەویش بوو ڕێگەی نەدابوو ئێرانییەکان لەژێر کاریگەری ئەڵمانەکان کونسوڵی بەریتانیا لە شارەکە دەستگیربکەن و ڕادەستی ئەڵمانییەکانی بکەن، لەکاتێکدا باڵیۆزخانەی بەریتانیا تێڕوانینێکی پێچەوانەی هەبوو بەرانبەری، بۆیە لەپۆستەکەی لادرا (مخبرالسلطنە، 1363هـ.ش، ج3 – 4، 326 - 328). دیارە ئەو دوورخستنەوەیەش لە بەرانبەر کشاندنەوەی هێزەکانی بەریتانیا بوو لە ناوچەکەدا (سپهر، 1362هـ.ش، 210).

سەربارى ئەوەش هاندانەکانی ئەڵمانەکان لە دژی ئینگلیزەکان بەردەوامی هەبوو، بە جۆرێک لە 10ی تشرینی دووەمی 1915 کۆمیتەی پارێزەرانی ئازادی بە هاوکاری هێزی ژاندارم دەستیان بەسەر کونسوڵخانەی بەریتانیا لە شاری شیرازداگرت، کە لەئەنجامدا کونسوڵی بەریتانی لە شارەکە بە ناوی (ئۆکانەر)و زۆربەی دیپلۆماتە بەریتانییەکانی شارەکەیان دەستگیرکرد (اوکانر، 1376هـ.ش، 115 – 120). لە ڕاستیدا بە دەستگیرکردنی ئۆکانەر کونسوڵی بەریتانی و نێردە دیپلۆماسییەکانی ئەو وڵاتە لە شاری شیراز، ڤاسمۆس توانی نزیکەی تەواوی هەرێمی فارس دابگرێت (امینی، 1382هـ.ش، 207). کە لەئەنجامدا توانیان کونسوڵ و تەواوی ڕەوەندی بەریتانی هاووڵاتیانی بەریتانی شاری شیراز دەستگیر بکەن، ئەگەرچی دواتر ئافرەتەکانیان ئازادکرد، بەڵام پیاوەکانیان ڕەوانەی ناوچەی بەرازجان کرد، ئینگلیزەکان چەند جارێک لەڕێگەی هێرشی سەربازی بۆ سەر تەنگستانییەکان هەوڵیاندا ناچاریان تاکوو دیلەکان ئازاد بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، سەرەنجام هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر گۆڕینەوەی دیلەکانیان و گێڕانەوەی ئەڵمانییە گیراوەکانیش، هەرچەندە ئینگلیزەکان خاڵی تایبەت بەئازادکردنی دیلە ئێراییەکانی جێبەجێ کرد، بەڵام ئەوەی تایبەت بوو بە ئەڵمانییەکان پشتگوێی خست و ئازادی نەکردن (آدمیت، 1357هـ.ش، 200 – 210).

شیاوی باسە گرتنی کونسوڵخانەی بەریتانی لە شاری شیراز، دەسکەوتێکی گرنگ بوو بۆ دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی، چونکە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نهێنی بەریتانی دەستکەوت، کە تیایدا پیلانگێڕی ئەو وڵاتە و نێردەی سیاسی و دیپلۆماسی ئەو وڵاتەی دژ بەئێران تیادابوو، کە دواتر بەڵگەنامەکان لەلایەن ئەو ئێرانیانەی لە وڵاتی ئەڵمانیا بوون وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی و لە کتێبێکدا لەژێرناوی (ئاشکراکردنی فێڵ و دوو ڕووییەکانی ئینگلیز/ کشف تلبیس دوروئی و نیرنگ انگلیس(19)) بڵاوکرایەوە (تمدن، 1350هـ.ش، 79). گومانی تێدانییە کە بڵاوبوونەوەی ئەو بەڵگەنامانە کاریگەری هەبوو لەسەر زیاتربوونی ڕق و کینەی ئێرانییەکان بەرانبەر بە بەریتانیا، چونکە ئەوان پێیان وابوو لەلایەن بەریتانیا وە فێڵیان لێ کراوە و هەڵخەڵەتێنراون، لە کاتێکدا خۆی بە دۆستی ئێرانییەکانە نیشاندابوو، کەچی لەهەمانکاتدا لەگەڵ وڵاتی ڕوسیا کۆمەڵێک پەیماننامەی لە دژی وڵاتی ئێران بەستبوو.

لە ڕاستیدا گرتنی شاری شیراز لەلایەن لایەنگرانی ئەڵمانیا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە زۆری نەبرد ئینگلیزەکان و قەوامولمولکی سەرۆکی هۆزی خەمسەی فارس، خۆیان ڕێکخستەوە و بەردەوام پەلاماری شاری شیرازیان دەدا، لە بەرانبەردا ڤاسمۆس و لایەنگرانی لە هێزی ژاندارم و عەشیرەتەکان بەهۆی نەبوونی هاوکاری دارایی و سەربازی نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن، سەرەنجام ئینگلیزەکان توانیان لەمانگی ئاداری 1916 شاری شیرازیان لەژێر دەست دەربهێننەوە و دووبارە بگەڕێنەوە بۆ شارەکە (فن میکوش، 1383هـ.ش، 200 – 203).

جێگەی ئاماژەیە کە لە ساڵی 1916دا نێردە هەواڵگرییەکانی تری ئەڵمانیا لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەربەست بوونەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هەردوو نێردەی زیلەر لە شاری کرمان و زوگمایەر لە شاری ئەسفەهان لەئاداری ئەو ساڵەدا بۆ هاوکاری ڤاسمۆس بەرەو شیراز چوون، بەڵام بەهۆی بێ ئاگاییان لەوەی شارەکە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی بەسەر داگیرابوو، کەوتنە دەستی ئینگلیزەکان و هێزەکانی لایەنگری، دواتر

ئینگلیز توانی شاری کرمانیش بگرێتەوەو بەهاوکاری سوپای ڕوس لە ئابی 1916 شاری ئەسفەهانیان کۆنترۆڵ کردەوە (فن میکوش، 1383هـ.ش، 207 – 209، 227 – 228).

تێکشکانی نێردەکانی ئەڵمانیا لە ئێران ڕێگەخۆشکەربوو بۆ بەریتانیا و ڕوسیا تاکوو سەرلەنوێ پێگەی خۆیان لەو وڵاتە بەهێزتربکەن، بۆ ئەو مەبەستە هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ڕوسیا ژمارەی هێزەکانی قۆزاق زیاد بکات بۆ (11) هەزار، هەروەها ئینگلیزەکانیش هێزێکی (11) هەزار کەسیان لەژێر سەرپەرشتی خۆیان لە باشووری ئێران بە ناوی (چەکدارانی باشووری ئێران/ South Persia Refiles(20)) دابمەزرێنن (میروشنیکف، 1344هـ.ش، 60 – 61). بۆ ئەو مەبەستەش سێرپێرسی سایکس هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوەو سەرەنجام هێزەکە لەنێوان وەرزەکانی هاوین و پاییزی 1916 هاتە دامەزراندن (سفیری، 1364هـ.ش، 124).

هەرچی ڤاسمۆس بوو، ئەگەرچی چالاکییەکانی لە باشووری ئێران تا ساڵی 1918 بەردەوام بوو، بەڵام لەدوای لەدەستدانی شیراز هەرگیز ئەو گڕوتینەی جارانی نەما، چونکە ناوبراو دەیزانی هەرچەندە چالاکییەکانی سودی بۆ وڵاتەکەی هەبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبووە هۆی زیان گەیاندن بەهۆزەکانی تەنگستانی کە پشتیوانیان لەو دەکرد (سایکس، 1348هـ.ش، 125). بۆیە پەنای بۆ شێوازێکی تری دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان و ڕوسەکان برد، کە ئەویش بریتی بوو لە دەرکردنی ڕۆژنامە، بۆ نموونە: ڤاسمۆس ماوەیەک لە ناوچەی بەرازجان لەناو هۆزەکانی تەنگستانی سەرقاڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بوو بە ناوی (ندای حق/ بانگی ڕاستی)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ناوبراو لە ناوچەکانی باشووری ئێران ببووە مایەی نیگەرانی ئینگلیزەکان، بۆیە چەند جاریک هەوڵیاندا دەستگیری بکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، هەروەها سەرۆک هۆزەکانی تەنگستان تەنانەت لەدوای ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانیش بەردەوام بوون لەپشتیوانیکردنی ڤاسمۆس، بە پێی پلانەکانی ئەو جارجار هێرشیان دەکردە سەر ئینگلیزەکان، بە ئامانجی ڕزگارکردنی ئەڵمانییە دەستگیرکراوەکان، کە سەرەنجام زیلەر و دوو ئەڵمانی تر توانیان ڕابکەن، بەڵام ئەوەی ئەرکی ڤاسمۆسی سەخت کردبوو پچڕانی پەیوەندییەکانی بوو لەگەڵ وڵاتەکەی لەدوای ئاداری 1917، بۆیە هەوڵی دەدا لەڕێگەی هاووڵاتییەکی هیندی پەیوەندی بە ئەڵمانەکان بکات لە کرماشان و بەغدا، بەهیوای ئەوە بوو کە ئەڵمانیا لە ناوچەکانی (بەهبەهان و هورمز) لە باشووری ئێران پەلاماری هێزەکانی ئینگلیزەکان بدات، بەڵام لەدوای گرتنی شاری بەغدا لە 11ی ئاداری 1917 لەلایەن ئینگلیزەکانەوەو کشانەوەی ئەڵمانەکان لە ئێران ئەو هیوایەی نەهاتەدی و بەتەنیا مایەوە لە ئێران، کە دواتر سێ دیلی ئەڵمانی بە ناوەکانی (دێتمەر/ Dettmer) و (ئۆرتێل/ Oertel) و (برۆگمان/ Brugmann) کە لە دەستی ئینگلیزەکان ڕایانکردبوو پەیوەندییان بە ڤاسمۆس کرد (فن میکوش، 1383هـ.ش، 221، 234 - 241).

شیاوی باسە ڤاسمۆس و هاوەڵە نوێیەکانی لە دوای ئاداری 1917 بۆ ماوەیەک توانیان ڕێگەی نێوان شیراز و بوشەهر بگرن و هاتوچۆیەکانی ئینگلیز لەو نێوەندەدا پەکبخەن، تەنانەت لە سەرەتای ساڵی 1918 ڤاسمۆس توانی پەیوەندی لەگەڵ سۆلەتولدەولەی سەرۆک هۆزی قەشقایی کە لایەنگری ئینگلیزەکان بوو دروست بکات و لە دژی ئەوان هانیدا لە ناوچەکەی خۆی ڕاپەڕی، تەنانەت لەوکاتدا موخبرولسەڵتەنە، کە لە تەهرانی پایتەخت ببووە وەزیری ناوخۆ، بەنهێنی نامەی بۆ ڤاسمۆس ناردو ئاگاداری کردەوە کە چەکدارانی باشووری ئێران لەلایەن حکومەتەوە بەفەرمی دانیان پێدانەنراوە، بۆیە بەنهێنی چوو بۆ شیراز و لەوێ پەیوەندی لەگەڵ فەرماندەکانی چەکدارانی باشووری ئێران دروستکرد بۆ هەمان مەبەست، گومانی تێدا نییە، کە ئەمەش سێر پێرسی سایکسی فەرمانڕەوای سەربازی ئینگلیز لە ناوچەکە زۆر نیگەران کردبوو، بۆیە هەوڵیدا بەهەرشێوەیەک بێ جموجووڵەکانی ڤاسمۆس کپ بکاتەوە، بۆیە شەڕەکانی نێوان قەشقایی و ئینگلیزەکان تا 23ی ئایار بەردەوامی هەبوو، هاوکات سێر پێرسی توانی بە پشتیوانی فەرمانفەرمای حاکمی شیرازو قەوامولملکی خەمسەیی مەترسییەکانی سولەتولدەلە کەم بکاتەوە (کحال زادە، 1363هـ.ش، 362 – 364).

لە ڕاستیدا ڤاسمۆس تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1918 لە باشووری ئێران مایەوەو

بەردەوام لەهاندانی هۆزەکانی ناوچەکە لە دژی ئینگلیزەکان، سەرەنجام لە 13ی کانونی یەکەم بڕیاریدا بەڕێگەی دەوڵەتی عوسمانی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی، بۆیە بەنهێنی لەگەڵ یەکێک لە هاوەڵە ئەڵمانییەکانی کە لەگەڵیدا مابوویەوە شیرازیان بەجێهێشت و دوای ماوەیەک لە ڕاوەدوونانی ئینگلیزەکان و خۆشاردنەوەیان سەرەنجام لە شاری قوم دەستگیرکران، پاشان لەوێ گواسترانەوە بۆ تەهران و لەوێش نێردران بۆ شاری قەزوین، بەڵام لەوێش توانیان ڕابکەن و کاتێک گەڕانەوە بۆ تەهران دیسان لەلایەن ئینگلیزەکان دەستگیرکرانەوە، ئەمجارەیان هەردووکیان دوورخرانەوە بۆ ئەوروپا، بەڵام ڤاسمۆس توانی دیسان لە ساڵی 1919 لەدەستی ئینگلیزەکان ڕابکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا (کحال زاده، 1363هـ.ش، 365 – 370). بەم شێوەیە چالاکی یەکێک لەدیارترین و سەرسەختترین هەواڵگرەکانی ئەڵمانیا لە ئێران کۆتایی پێهات، کە بۆ ماوەی نزیکەی چوار ساڵ ببووە مایەی سەر ئێشە بۆ وڵاتی بەریتانیا و توانی زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بگەیەنێت لە باشووری ئێران.

### 3. 3. چالاکی ماکس ئۆتۆ شۆنمان لە ئێران:-

شۆنمان کە بوو یەکێک لەئەندامانی دەستەی هەواڵگری نیدەرمایەر، ئەو ناوچەکانی کوردستانی پێسپێردرابوو، بەتایبەتیش شاری کرماشان و هەمەدان، بۆ ئەوەی پەیوەندی بەچین و توێژە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە بکات و لە دژی بەریتانیا و ڕوسیا هانیان بدات. شۆنمان، یەکێک لەو نێردە سیاسی و دیپلۆماسییانەی ئەڵمانیا بوو، کە زانیاری باشی لەسەر ناوچەکانی باکوور و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران هەبوو (معتضد، 1378هـ.ش، 248). ناوبراو لەگەڵ هێزێکی گەورە لە 23ی کانونی دووەمی 1915 گەیشتە سنووری ئێران (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 43). شۆنمان لەگەڵ گەیشتنی بە ناوچە سنوورییەکانی عوسمانی توانی ڕێکخراوێکی هەواڵگری ئینگلیزەکان کە لقیان لە ناوچەکانی عێراق هەبوو، ئاشکرا بکات، تەنانەت ناوبراو توانی ڕاپۆرتێکی نهێنی ئەوان بەدەست بهێنێت و بینێرێت بۆ نیدەرمایەر، بە ئاشکراکردنی ئەو ڕێکخراوە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی عوسمانییەکان ژمارەیەکی زۆر سیخوڕی ئینگلیزی دەستگیر بکەن (نیدرمایر، 1363هـ.ش، 51، 68).

شۆنمان لەگەڵ گەیشتنی بە قەسری شیرین، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە لەناو هۆزو عەشیرەتەکانی ناوچەکە لە دژی بەریتانیا و ڕوسیا، بێگومان ئەمەش ببووە مایەی نیگەرانی کونسوڵخانەکانی ڕوسیا و بەریتانیا لە شاری کرماشان، بۆ ئەو مەبەستەش بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە 11ی شوباتی 1915 لەو شارەوە ناردرابوو بۆ تەهران، داوایان لە حکومەتی ئێران کردبوو ئەگەر بێتوو ڕێگری لە ناوبراو نەکەن ئەوان بۆخۆیان دەستبەکار دەبن و لەڕێگەی هێزی قۆزاق دەستگیری دەکەن (سپهر، 1362هـ.ش، 146). دەکرێ هەر ئەمەش پاڵنەربووبێ بۆ حکومەتی ئێران کاتێک شۆنمان گەیشتە کرماشان، لە 12ی شوباتی 1915دا (250) سەربازی هێزی ژاندارمی بە سەرکردایەتی 2 ئەفسەری سویدی ناردۆتە پێشوازیان (کحال زاده، 1363هـ.ش، 164). چونکە بەپێی نامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردبوو، لەلایەن باڵیۆزخانەی ڕوسیا ئاگادار کرابووەوە کە ئەڵمانەکان 40 هەزار پارچە چەکیان بردبووە ناوچەکە، هەروەها شۆنمان کاتێک گەیشتبووە ناوچەی کرماشان بەریەککەوتنی توندی لەگەڵ هێزەکانی قۆزاق لە ناوچەکەدا هەبووە (ایران و جنگ اول جهانی اسناد وزارت داخله، 1381هـ.ش، 73). دەکرێت بڵێین، کە گومانی تێدانییە شۆنمان و نێردەکانی تری ئەڵمانی لەگەڵ خۆیان چەک و پارەیان بردبووە ئێران و لەلایەن وڵاتەکەیان بەردەوام بۆیان نێردراوە، تاکوو سەرنجی ئێرانییەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، بەڵام 40 هەزار پارچە چەک ڕێژەیەکی یەکجار زۆرەو ناکرێ ئەوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوە زیاتر پەیوەندی بە پروپاگەندەی ڕوسەکان هەبووە بۆ گەورە نیشاندانی مەترسی ئەڵمانەکان تاکوو حکومەتی ئێران هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر.

لەم بارەیەوە (امیر احمدی) کە ئەفسەری باڵای ئێران بوو بە پلەی (سپەهبود/ فەریق) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:شۆنمان... کەسێکی زۆر زیرەک بوو، سەرکەوتوو بوو لەڕاکێشانی خەڵکی ناوچەکە بەلای خۆیاندا، بەتایبەتی لەڕێگەی پێدانی چەک و پارە، بە مەبەستی دامەزرانی هێزێکی تایبەت بەخۆیان، لەکرماشان دەستی بەدامەزراندنی هێزی سەربازیکرد بۆجەنگ، بۆ سوارە مانگی 20 تومەن و بۆ پیادەش 15 تومەنی پێدەدان، بەهۆی ئەوەی خەڵکی

ناوچەکە سوارچاکی و چەکداریان دەزانی بۆیە پەیوەندییان پێوەکرد، ئەگەرچی حکومەتی ئێران دژی ئەو هەوڵەیبوو، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان بێکار و هەژار بوون، بەمەش شۆنمان توانی هێزێکی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت و تەنانەت هەندێ لەئەندامانی هێزی قۆزاقیش پەیوەندیان پێوەکرد، چونک پارە چەکدی لەبەغدا بۆ دەهات (امیر احمدی، 1373هـ.ش، 91).

بەهۆی لێهاتووی خۆیەوە شۆنمان توانی لە ماوەیەکی کەمدا شاری کرماشان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، گومانی تێدانییە کە ئەمەش کونسوڵخانەکانی ڕوسیا و بەریتانیا و هێزی قۆاقی نیگەران کردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو دوو کونسوڵخانەیە هەوڵیاندا لەڕێگەی پێدانی بەرتیل بە گەورە پیاوی ئایینی شارەکە بە ناوی (زیائولواعزین) دانیشتوانی شارەکە لەشۆنمان دوور بخەنەوە، ئەگەرچی لە سەرەتا سەرکەوتوو بوون، بەڵام شۆنمان کە درکی بەو نهێنییە کردبوو، بەهەمان شێوە توانی هەمان زانای ئایینی بەلای خۆیاندا ڕابکێشێت و لەڕێگەی ئەوەوە کاریگەری لەسەر دووبارە نزیککردنەوەی خەڵکەکە لە ئەڵمانییەکان دروست بکات (امیر احمدی، 1373هـ.ش، 92 – 94)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە وڵاتانی شەڕکەر لە ئێران هەموو هەنگاوێکیان دژ بەیەک گرتووەتەبەر، هەر لە پێدانی پارەو بەخشینەوەی چەک و بەکارهێنانی هەڕەشە.

شیاوی باسە شۆنمان بۆ ماوەیەکی زۆر لە شاری کرماشان نەمایەوە، بەڵکوو هەر لەگەڵ گەیشتنی بەو شارە، نەوەستا و دەستیکرد بە گەشتێکی بەرفراوان بە ناوچەکەدا و سەرەنجام لە 25ی نیسان گەیشتە شاری (قوم)، لەوێشەوە پەیوەندی بە پیاوانی ئایینی و چین و توێژە جیاوازەکانی ئێران کرد و پاشان لە 26ی مانگ گەیشتە شاری تەهران و لەلایەن ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا پێشوازی لێ کرا، لەڕۆژی دواتر چاوی بە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکانی حکومەتی ئێران کەوت (کحال زادە، 1363هـ.ش، 164). هەرچەندە لەعورفی سیاسی کارێکی ئاساییە نوێنەری دیپلۆماسی کاتێک دەچێتە وڵاتێک سەردانی سەرۆکی حکومەت بکات و بەرنامەی کاری خۆی ڕادەست بکات، بەڵام ئەو هەنگاوەی ناوبراو گومانی تێدانییە زیاتر بە مەبەستی ڕاکێشانی وڵاتی ئێران بووە بۆ بەرەی خۆیان لە جەنگدا، کەئەمەش لەڕێگەی ڕاکێشانی کاربەدەستانی وڵات بەدەست دەهات.

دواتر شۆنمان بە مەبەستی فەراهەمکردنی ڕێگایەکی هاتووچۆ لەنێوان بەغداو تەهران، لە26ی ئابی1915دا بە چەند سەد سوارێک پەلاماری هەردوو کونسلخانەی بەریتانیا و ڕوسیایدا لە شاری کرماشان، بەڵام لەسەر داوای فەرمانڕەوای شاری کەنگاوەر، شۆنمان ڕێگەیدا ئەندامانی هەردوو کونسوڵخانەکە بەسەلامەتی شارەکە جێبهێڵن و بچن بۆ هەمەدان (کحال زادە، 1363هـ.ش، 92). لەم بارەیەوە (دەوڵەت ئابادی)، کە ئەندامی پارتی دیموکرات یەکێک بوو لەوانەی لەناو ڕووداوەکاندا ژیابوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە:دوای ئەوەی هەردوو کونسوڵخانەی بەریتانیا و ڕوسیا لە شاری هەمەدان خۆیان ڕێکخستەوەو هێزێکی تایبەت بەخۆیان پێکهێنا، هەوڵەکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شاری کرماشان، لەکاتێکدا شۆنمان ئاگاداری نیازی ئەوان بوو، بۆیە هێزێکی ناردە سەریان لە شاری کەنگاوەر پێکدادان ڕوویداو چەند کەسێک لەلایەنی برتیانیا و ڕوسیا کوژرا، سەرەنجام ناچار بوون شارەکە جێبهێڵن، بۆ ئەو مەبەستەش ڕوسیا و بەریتانیا فشاریان لەحکومەتی ئێران کرد بەزۆر کونسوڵخانەکان بگەڕێنێتەوە شاری کرماشان، بەڵام حکومەت و دیموکراتەکانیش پێیان وابوو ئەمە کارێکی باش نییەو ئەنجامی باشی نابێت، بۆیە ڕێگە نەدرا بگە ڕێنەوە شارەکە (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 301).

سەرباری ئەوەی ڕوسیا بەئاسانی ئامادە نەدەبوو دەستبەرداری ناوچەی کرماشان و هەمەدان بێت، بۆیە هێزێکی 300 کەسی قۆزاقی بەهاوکاری فەرمانڕەوای هەمەدان ئامادە کرد، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئەڵمانییەکان و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە شاری کرماشان، بەڵام ئەڵمانەکانیش لەلایەن خۆیانەوە دەستەوەستان دانەنیشتن و پەیوەندییان بە هێزەکانی ژاندارم کرد، کە لایەنگری ئەڵمانیا بوون، هێزی قۆزق تێکبشکێنن و دەست بەسەر شاری هەمەدانیش دابگرن(دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 302). لە ڕاستیدا تێکشکانی هێزی قۆزاق لە شاری هەمەدان، پاڵنەربوو بۆ ئەوەی ڕوسیا هێزەکانیان لە(باکۆ/بەرەی قەفقاز)بەڕێگەی ڕەشت و قەزوین لە باکووری ئێران بەرەو

هەمەدان بنێرن (امیر احمدی، 1373هـ.ش، 97).
لە ڕاستیدا سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی نێردە هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1915و هاوسۆزی حکومەت و پەرلەمانی ئێران لەگەڵ ئەڵمانیا، هاندەر بوو بۆ ئەوەی لە 24ی ئابی 1915 حکومەتی ئێران لەگەڵ ئەڵمانیا لەبارەی بەستنی ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانی لەنێوانیاندا دانوستان بکەن، بە جۆرێک ئەڵمانیا دەیویست ئێران لەو ڕێگەیەوە بخزێنێتە ناو جەنگ (باست، 1377هـ.ش، 48 - 49). بۆ ئەو مەبەستە ئەڵمانیا هەوڵەکانی خۆی بەنهێنی لەڕێگەی (پرێنس ڕۆیس/ Prince Henri de Reuss (21 ) باڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئێران لەئەیلولی 1915 لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێران مستەوفیلمەمالیک چڕکردەوە، بۆ ئەوەی هەردوو وڵات ڕێککەوتننامەیەکی هاوپەیمانی ببەستن و ئێران بچێتە بەرەی ئەڵمانیا، ئەگەرچی سەرۆک وەزیرانی ئێران مەیلی بەلای ئەڵمانیا دابوو، بەڵام پێی وابوو باشترە ئەڵمانیا پەلە لە ئێران نەکات، تا ئەوکاتەی هێزەکانی دەگەنە سنووری ئێران، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر لەو ماوەیەدا (جەنەڕاڵ ئێریک فۆن فالکینهاین Erich von Falkenhayn /1922 - 1861) سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەڵمانیا فەرمانی دامەزراندنی (کۆمیتەی سەربازی ئێران و ئەڵمانیا)ی دەرکرد، بۆ ئەو مەبەستە، جەنەڕاڵ (ڤیلهێلم لیۆپۆلد فرایر ڤۆن درگۆلتز 1843 – 1916/ Wilhelm Leopold Colmar Freiherr von der Goltz)ی ئەڵمانی ناسراو بە (ڤۆن درگۆلتز)ی فەرماندەی سوپای شەشەمی عوسمانی، لەگەڵ (جۆرج کارل ئێلیاس گراف ڤۆن کانیتز 1842 - 1922/ George Karl Elias Graf Von Kanitz) ناسراو بە (کۆنت کانیتز)ی پاشکۆی سەربازی ئەڵمانیا لە باڵیۆزخانەی تەهران بۆ سەرکردایەتی ئەو کردە سەربازییە ڕاسپێردران (ذوقی، 1368هـ.ش، 146). ئەو توانی زنجیرە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان و سەرکردە سیاسی و نەتەوەییەکانی وەک (شازادە سلێمان میرزا، وەحیدولمولک شەیبانی و میرزا محەمەدعەلیخانی کلوپ) ئەنجام بدات (کحال زادە، 1363هـ.ش، 69)، هەروەها (پرێنس ڕۆیس)ی باڵیۆزی ئەڵمانیا لە شاری تەهران، هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە شای ئێران ڕازی بکات پایتەختی ئێران بگوازێتەوە بۆ شاری ئەسفەهان (اعظام الوزارە، 1342هـ.ش، ج1، 271).
گومانی تێدانییە کە هەوڵەکانی ئەڵمانەکان ببووە مایەی نیگەرانی باڵیۆزخانەکانی ڕوسیا و بەریتانیا لەتەهران، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی ڕوسیا لەڕێگەی باڵیۆزی ئێران لە ڕوسیا پەیامی ناردبوو، تێدا دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەلاواز وەسف کردبوو، هەروەها باسی ئەوەشی کردبوو کە ڕوسیا دەیەوێت هێزی سەربازی بۆ شارەکانی (ڕەشت، قەزوین، هەمەدان وتەهران) بنێرێت (کحال زادە، 1363هـ.ش، 69 - 70). چونکە ئەو دوو وڵاتە لە جموجۆڵەکانی کۆنت کانتیزی پاشکۆی سەربازی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە شاری تەهران دەترسان، کە ئامادەکاری دەکرد بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی بە سەرپەرشتی هێزەکانی ژاندارم، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستەش شۆنمان لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی 1915 بڕێکی زۆر چەکی کە لە ناوچەکانی عێراق هێنابووی، ڕەوانەی تەهرانی پایتەختی کرد (ارباب، 1383هـ.ش، 160)، ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی ڕوسیا هەر بەوە نەوەستێ تەنها هەڕەشە لە ئێران بکات، بەڵکوو لە 8ی تشرینی دووەمی 1915 هێزەکانی خۆی بە ئاراستەی گرتنی تەهرانی پایتەخت جوڵاند، بەمەش ئەڵمانەکانی تەهران ناچار بوون لە 15ی مانگ لەتەهران دەربچن، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان و پارتە سیاسییەکانی لایەنگری ئەڵمانیا بڕیارياندا حکومەت بگوازنەوە بۆ شاری ئەسفەهان (باست، 1377هـ.ش، 51)، بەڵام ئەو هەوڵەی ئەڵمانەکان سەرکەوتوو نەبوو، چونکە کاتێک ئەحمەد شا (1909 – 1925) شای ئێران ویستی بە یاوەری بەشێک لە ئەندامانی حکومەتی ئێران لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوەیی و هاندانی ئەڵمانیا پایتەخت لە شاری تەهران بگوازێتەوە بۆ شاری ئەسفەهان، ئەم هەنگاوە لەژێر فشاری ڕوسیا و بەریتانیا شکستی هێناو شای ئێران ناچاربوو لەپایتەخت بمێنێتەوە، چونکە ئەوان فشاریان لێی کرد ئەگەر بێتوو لەگەڵ نەتەوەییەکان کۆچ بکات ئەو لەدەسەڵاتی لادەبەن و کەسێکی دیکە لەشوێنی ئەو دادەنێن و شاری تەهران داگیر دەکەن، بەڵام ئەگەر بمێنێتەوە ئەوا هێزەکانیان شارەکە داگیر ناکەن (صادق، 2016، 110).
دوای دەرچوونی هێزە نەتەوەییەکانی ئێران وچوونیان بۆ شاری قوم،لەوێ بەپشتیوانی دارایی وچەکی باڵیۆزی

ئەڵمانی پرێنس ڕۆیس و شۆنمان و کۆنت کانیتز، کۆمیتەیەکی بەرگری دامەزرا، بە ناوی (کۆمیتەی بەرگری نشتیمانی/ کمیته دفاع ملی) کە لە سەرکردەکانی هەردوو پارتی پارتی دیموکرات و پارتی پارێزگاران پێکهاتبوو (دیوان بیگی، بیتا، 5 – 6). لە شاری قوم شۆنمان لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمیتەی بەرگری نشتیمانی پلانی دانا بۆ ڕزگارکردنی شا و بردنی بۆ شاری ئەسفەهان، بەڵام بەهۆی چوونی هێزەکانی ڕوسیا بە ئاراستەی شاری تەهران و بەشێکی تریان کە بە ئاراستەی قوم هێزەکانی ژاندارم کە لایەنگری کۆمیەتی بەرگری نشتیمانی بوون لە بەرانبەری سوپای ڕوسیا لەکانونی یەکەمی 1915 تێکشکا، بەمەش پلانەکەی شۆنمان شکشتی هێنا (ارباب، 1383هـ ش، 276 – 277).

لە ئەنجامی تێکشکانی هێزە نەتەوەییەکان لە بەرانبەر لەشکرکێشی ڕوسیا، ناچار بوون لە سەرەتای کانونی دووەمی 1916 بکشێنەوە بۆ شاری کرماشان و لەکۆتایی ئەو مانگەدا گەیشتنە شارەکە و لەوێ دەستەیەکی بەڕێوەبردنیان دامەزراند، بەڵام لەوێش نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بن، بەهۆی لەشکر کێشییەکانی ڕوسیا کە بەخێرایی بە ئاراستەی شاری کرماشان هەنگاوی دەنا، هەرچەندە ئەڵمانەکان هەوڵیاندا پێشگیرییان لێ بکەن، بۆ ئەو مەبەستە کۆنت کانیتز سەرکردایەتی بەرەنگاربوونەوەی سوپای ڕوسیای دەکرد لە شاری سەحنە و کەنگاوەر، بەڵام دوای تێکشکانی هەوڵەکانی لە15ی کانونی دووەمی 1916 خۆی کوشت، بەمەش سوپای ڕوسیا لە 21 و 22ی شوباتدا گەیشتە دەروازەی کرماشان و لەمانگی ئاداردا توانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، بەمەش ئێرانییە نەتەوەییەکان و ئەڵمانەکان و عوسمانییەکان ناچاربوون کشانەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی (باست، 1377هـ ش، 55 – 56). ڕوسەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە شاری کرماشان نەمانەوە، چونکە جارێکی دیکە هێزەکانی عوسمانی بە هاوکاری ئەفسەرانی ئەڵمانی توانیان لە 3ی تەممووزی 1916 دەست بەسەر شارەکەدا بگرنەوەو لە 13ی ئابدا شاری هەمەدانیش بگرن، ئەمەش ڕێگەخۆشکەربوو بۆ گەڕانەوەی ئێرانییە نەتەوەییەکان  کە لەوێ حکومەتێکیان بە سەرۆکایەتی کەسێک بە ناوی نیزامولسەڵتەنە دامەزراند، کە لالایەنگیری ئەڵمانیا و عوسمانی بوو، بەڵام ئەو حکومەتە زۆر تەمەنی درێژ نەبوو، چونکە لە ساڵی 1917 لە ئەنجامی لەشکرکێشی بەریتانیا بەیەکجاری لەناوچوو، ئەندامانی حکومەتەکەش لەگەڵ عوسمانییەکان و ئەڵمانییەکان شارەکەیان بەجێهێشت و هەندێکیان چوون بۆ ئەڵمانیا و هەندێکیشیان گەڕانەوە بۆ ئێران (باست، 1377هـ ش، 61 – 62، 66 – 67)، بەمەش لەدوای کشانەوەی ئەڵمانەکان لە شاری کرماشان کەناوەندێکی گرنگ بوو، چالاکییەکانی ئەڵمانەکان بەشێوەکی گشتی لە ئێران بەرەوە لاوازی چوو و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەما.

### 3. 4. چالاکی گروپ و نێردە هەواڵگرییەکانی دیکەی ئەڵمانی:

سەبارەت بە چالاکی هەواڵگری گروپ و نێردە هەواڵگرییەکانی دیکەی ئەڵمانیا لە ئێران، جگە لەو سێ گروپەی باسمان کردن، هاوکات چەند گروپ و دەستەیەکی تری ئەڵمانی(22) لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن وڵاتی ئەڵمانیا وە ناردرانە ئێران بۆ ئەوەی ئێرانییەکان لە دژی ڕوسیا و ئینگلیز هانبدەن و بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە ئێران بخەنە مەترسی و ئاستەنگیان بۆ دروست بکەن، هەرچەندە ئەو دەستەو گروپانەی دیکەی هەواڵگری ئەڵمانی کە چوونە ئێران هەوڵی خۆیانداو چالاکیان لە دژی ئەو دوو وڵاتە ئەنجامدا، سەرباری ئەوەی ئەو کردانەی ئەنجامیاندەدا کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو دوو وڵاتە بەگشتی و هەستی ئێرانییەکان بەتایبەتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کردەکانیان بەردەوام نەبوو نەیانتوانی هەمان کاریگەری ئەو نێردە هەواڵگرییانەیان هەبێ کە ناومان هێنان، بۆیە لێرە هەوڵدەدەین ئاماژە بەگرنگترینیان بکەین.

شیاوی باسکردنە کە یەکێک لەو ڕووداوانەی کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچە کوردییەکان ڕوویدا، کوشتنی کونسوڵی ڕوسی بوو لە شاری مەهاباد، بە ناوی (یاز فینلاندی) لە 31ی کانونی یەکەمی 1914 (لیتن، 1385هـ ش، 112). هەرچەندە لەو ڕووداوەدا ناوی عوسمانی و ئەڵمانییەکان نەهاتووە لەوەی ئەوان دەستیان هەبووبێت لەو کردەوەیە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی (لیتن)ی کونسوڵی ئەڵمانی لە شاری تەبریز لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:یەکێک لەو کوردانەی دەستگیرکرابوو لە شاری تەبریز لێپرسینەوەیان لەگەڵداکردبوو،

باسی لەچوونی هێزێکی (40 هەزار) سەربازی عوسمانی بۆ ناوچەکە کردبوو، هەروەها باسی لەوەشکردبوو کە هێزە عوسمانییەکە 25 ئەڵمانیان لەگەڵدابوو، یەکێک لەوان شۆنمان بوو کاری وەرگێرانی دەکرد (لیتن، 1385هـ.ش، 123). لە ڕاستیدا شۆنمان ناکرێ ئاگای لەڕووداوێکی ئاوادا هەبوو بێت، چونکە زۆر درەنگتر لەو کاتە گەیشتبووە سنووری ئێران، بۆیە دەکرێ مەبەستی کاتێکی دوای ڕووداوەکە بووبێت، هەروەها (ڤیلهێلم لیتن 1880 – 1932/ Wilhelm Litten)ی کونسوڵی ئەڵمانیش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەڕێککەوتی ئەنجامدانی لێپرسینەوە لەگەڵ کوردەکە نەکردبوو، بەڵام گومانی تێدانییە ئەم کارەی کە لە شاری مەهاباد دژ بەکونسوڵی ڕوسی گیرایەبەر بەهاندانی عوسمانییەکان بووە لە ناوچەکەدا(23)، هەروەها دەکرێت کوشتنی کونسوڵی ڕوسیا لە شاری مەهاباد لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانە بووبێت، کە لە ناوچەکانی تری ئێران ڕوویاندا.

یەکێک لەو نێردانەی کە لەلایەن وڵاتی ئەڵمانیا وە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەڵمانیا و ئەفغانستان ڕەوانەی ئێران کران، دەستەی (کاپتن فریتز کلاین 1877 - 1958/ Captain Fritz Klein) بوو، ئەو دەستەیە لە (16) ئەفسەر و سەربازی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی پێکهاتبوون، بە سەرکردایەتی فریتز کلاین، ناوبراو پێشیتر پاشکۆی سەربازی بوو لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لەتەهران، لە تشرینی دووەمی 1914 لەگەڵ ستافەکەی چوونە ئەستەنبوڵ، دوای ماوەیەک مانەوەیان لەوێ بەرەو باشووری ئێران بەڕێکەوتن و ژمارەیەک کەسی تریش بوونە هاوسەفەریان، ئەوان لە 18ی ئاداری 1915 گەیشتنە نزیکی شاری ئەهواز لە باشووری ئێران، لە 22 ئادار توانیان هێڵی بۆڕی نەوتی (کارون) کە دەکەوتە 30 کیلۆمەتری باشووری شاری ئەهواز بتەقێننەوە، هەروەها جارێکی دیکەش سەرکەوتووبوون لەتەقاندنەوەی بۆڕی نەوتی ناوچەکە، کە لە ئەنجامی ئەو دوو کردەیەدا توانیان بۆ ماوەی چوار مانگ هەناردەی نەوتی ئێران کە لەژێر دەستی ئینگلیزەکان بوو بۆ دەرەوە ڕابگرن (ارباب، 1383هـ.ش، 68 – 71)، هەروەها لە 22ی تشرینی دوووەمی 1915 توانیان دەست بەسەر شاری هەمەدان دابگرن و هەردوو کونسوڵخانەی ڕوسیا و بەریتانیا لە شارەکە دەربکەن (باست، 1377هـ.ش، 52)، بەڵام ئەو هەنگاوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نەبوو، چونکە ڕوسەکان دەواتر توانیان دەست بەسەر شارەکەدا بگرنەوە، هەروەها ئەندامانی ئەو گروپە لەدوای ئەو دوو کردەیە لەسەرچاوەکان ناویان نایەت، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە توندانە بووبێت کە ڕوسیا و بەریتانیا لە ناوچەکە دژ بەکارمەندانی هەواڵگری ئەڵمانیا گرتیانە بەر.

سەبارەت بە شاری تەهران کەناوەندی ململانێیە سیاسی و هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دژ بەیەک بوو لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەو شارە بەدەر نەبوو لەلە شەڕ و کێبڕکێی وڵاتە زلهێزەکان، بەتایبەتیش کە نێردە سیاسییەکانیان لەو شارە دژ بەیەک دەیانگرتەبەر. هەر سەبارەت بەچالاکی هەواڵگری ئەڵمانی لەو شارەدا، لەدوای کۆچکردنی ئەڵمانەکان بۆ شاری قوم لە ساڵی 1915 کە لەپێشتر باسمانکرد، بەرپرسی دارایی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا بە ناوی (زومەر) لەو شارە مایەوە، بەڵام ناچاربوو پەنا بباتە بەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن وڵاتی ئەڵمانیا وە کرایە یاریدەدەری باڵیۆزی ئەو وڵاتە لەو شارەدا، بەڵام کاتێک ئەمریکا لە 6ی نیسانی 1917 چووە ناو جەنگ لەپاڵ وڵاتانی هاوپەیمانی پەنایبردە بەر باڵیۆزخانەی ئیسپانیا لە شاری تەهران (باست، 1377هـ.ش، 67).

جێگەی ئاماژەیە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە شاری تەهران توانیان لەتەمموزی 1918 نامەیەکی نهێنی لە باڵیۆزخانەی بەریتانی لەو شارە بەدەست بخەن، کە بەنیازبوون هەرێمی فارس لە ئێران جیا بکەنەوەو (فەرمانفەرما) کە یەکێک لەگەورە خانەدانەکانی ئێران و والی هەرێمی فارس لەپای ئەو خزمەتەی پێشکەشی ئینگلیزەکانی کردبوو بکەنە فەرمانڕەوای هەرێمەکە، گومانی تێدانییە کە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە کاردانەوەی توندی حکومەتی ئێران و هاووڵاتیانی ئێرانی بەدوای خۆیداهێناو بەریتانیای ناچارکرد واز لەپیلانەکەی بهێنێت (کحال زادە، 1363هـ.ش، 231 – 246).

### 5. دەرئەنجامەکان:

لەکۆتایی ئەو توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:-

(1) ڕێز نەگرتن لەسەروەری سیاسی و بێلایەنی وڵاتی ئێران، لەلایەن وڵاتانی شەڕکەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و بەکارهێنانی خاک و ئاوی ئەو وڵاتە لەلایەن بەریتانیا و ڕوسیا و دەولەتی عوسمانی و ئەڵمانیا لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئەمەش کاریگەری لەسەر دابەشبوونی ئێرانییەکان هەبوو لەنێوان هەر دوو بەرەی جەنگ، ئەو دابەشبوونەش سەری کێشا بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری سیاسی و سەربازی لە ئێران، ئەو ناسەقامگیرییەش کاریگەری لەسەر ڕووخانی یەک لەدوای یەکی حکومەتەکان هەبوو، سەرباری ئەوەی کاریگەری لەسەر دابەشبوونی هۆز و عەشیرەتە جیاوازەکانی ئێران لەنێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا و ڕوسیا، ئەمەش وای کرد لایەنگرانی هەریەک لەوانە لە ناوچەکانی خۆیان لە دژی یەکتری و دژی حکومەتی ناوەندی و نێردە دیپلۆماسییەکانی ئەو وڵاتانە ڕاپەڕێن، بە جۆرێک ئەڵمانەکان توانیان هۆز و عەشیرەتەکان بۆ دژایەتیکردنی بەریتانیا و ڕوسیا بەکاربهێنن.

(2) چڕی چالاکییە هەواڵگرییەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لە ئێران لە ساڵی 1915 بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تردا، بە جۆرێک خۆی لە کوشتن و دەستگیرکردنی کونسوڵ نێردەی سیاسی و دیپلۆماسی، لەلایەن هەریەک لە دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا و هێزی سەربازی بەریتانیا و ڕوسیا لە ئێران ڕوویدا، کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی وڵاتی ئێران وەک وڵاتێکی بێ لایەن لە جەنگ ڕێز لەسەربەخۆیی سیاسی نەگیرێت و نێردەی سیاسی و نوێنەرانی دیپلۆماسی وڵاتانی بەشدار لە جەنگ هەست بە ئاسوودەیی و ئاسایشی گیانی نەکەن لەو وڵاتەدا، سەرباری تەقاندنەوەی بۆڕی نەوتی باشوورو گرتنی ڕێگاکانی هاتووچۆ لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی یەکێک لە دیارترین دەرەنجامەکانی شەڕی هەواڵگری ئەو وڵاتە بوو لە ئێران.

(3) دەست بەسەرداگرتنی شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی ئێران بەشێوەیەکی کاتی بینییەوە، کە بووە هۆی دەرکردنی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و هاووڵاتیانی بەریتانی و ڕوسی لە شارەکانی (ئەسفەهان، یەزد، کرمان، شیراز و کرماشان) بۆ ماوەیەکی کاتی، ئەمەش هانی ڕوسیا و بەریتانیایدا هێزی سەربازی بنێرنە ئێران بۆ ڕێگریکردن لە چالاکی ئەڵمانەکان و لایەنگرەکانیان، کە خۆی لە داخستنی پەرلەمان بینییەوە لە ساڵی 1915 دا.

(4) دامەزراندنی حکومەتی کاتی لە کرماشان بەپشتیوانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا، بەمەش وڵاتی ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی بووە خاوەن دوو حکومەت، کە یەکێکیان لایەنگری بەریتانیا و ڕوسیا بوو، کە لە شاری تەهران فەرمانڕەوایی ئێرانی دەکرد، ئەوی تریان حکومەتی کرماشان بوو، کە لەلایەن لایەنگرانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا فەرمانڕەوایی دەکرا.

(4) ئەگەرچی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی سەرکەوتوو بوو لەسەرقاڵکردنی ڕوسیا و بەریتانیا لەبەرەی ڕۆژهەڵات و کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی جەنگ لەدەرەوەی ئەوروپا، بەڵام لەکۆتاییدا ئەنجامێکی سەرکەوتووی نەبوو، وەک ئەوەی پلانیان بۆ دانابوو لە هاندانی گەلانی ئیسلامی لە دژی ئەو دوو وڵاتە و ئەنجامدانی ڕاپەڕینی سەرتاسەری، بەهۆی تێکشکانی هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و عوسمانی لە جەنگدا.

### 6. پەراوێزەکان:-

(1) نیدەرمایەر (1885 – 1948):- ناوی تەواوی (ئۆسکار ڤۆن نیدەرمایەر/ Oskar Von Niedermayer)، یەکێک لەدیارترین کارمەندەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی بوو لە ئێران، مێژوونووسان ڕۆلی هاوتا دەکەن بەڕۆلی (ڤاسمۆس و لۆرەنسی عەرەبی)، ناوبراو شارەزایی لەزمانی سامی هەبوو، لە ساڵی 1913 وەکوو لێکۆڵەر دەچێتە باکووری ئێران و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی ڕادەسپێردرێت بۆ هاندانی موسڵمانەکانی ئەفغانستان و هیندستان لە دژی بەریتانیا، لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ بیرەوەرییەکانی خۆی لە ساڵی 1925 بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی

به ناوی (زیر آفتاب سوزان/ لەژێر هەتاوی سوتێنەر). (-https://database-aryana
encyclopaedia.blogspot.com/2014/09/oskar-von-niedermayer.html#ftn3 ).

(2) ڤاسمۆس (1880 – 1931):- ناوی تەواوی (ڤیلهێلم ڤاسمۆس/ Wilhelm Wassmus)ـە، ناسراو بە (لۆرەنسی ئەڵمانی)، یەکێک بوو لەدیارترین کارمەندەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لە ئێران، ناوبراو لە ماوەی ساڵانی (1909 – 1910) سەر کونسوڵی ئەڵمانی بوو لە شاری بوشەهر لە باشووری ئێران، جارێکی دیکە لە ساڵی 1913 هەمان ئەرکی پێدەسپێردرێتەوە، ناوبراو شارەزایی باشی لەزمانەکانی فارسی و عەرەبی و پەیوەندی باشی لەگەڵ هۆزەکانی باشووری ئێران هەبوو، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ئێران و عەشیرەتەکانی باشووری ئێران لە دژی بەریتانیا هاندەدات، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی بینی لە ئێران لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەدژایەتیکردنی بەریتانیا و ڕوسیا. (سایکس، بیتا، 16 – 31، 244).

(3) شۆنمان (1882 – 1961):- ناوی تەواوی (ماکس ئۆتۆ شۆنمان/ Max Otto Schonmann) بوو، کەسێکی دیپلۆماس و مامۆستای هونەر بوو، شارەزایی لەزمانی فارسی هەبوو، لە ساڵی 1908 لەلایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی بەرلین دەنێردرێتە ئێران و لەکونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە شاری تەبریز (تەورێز) دەست بەکاردەبێت، ناوبراو شارەزایی تەواوی لە ناوچەکانی باکوورو ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئێران هەبوو، لە کاتی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرپەرشتی بەرەی جەنگی کرماشان دەکات، لەساڵانی سییەکان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ئێران و ڕۆڵی دەبێت لەدامەزراندنی چەندین کارخانەی ئەڵمانی لە شارەکانی ئێران و لە ساڵی 1941 لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان دەستگیردەکرێت و دووردەخرێتەوە بۆ ئوسترالیاو لە ساڵی 1961 لەوێ کۆچی دوایی دەکات (دنیای اقتصاد (روزنامە)، 1395هـ.ش، ش3839، 1).

(4) هێزێکی پۆلیس بوو بە ناوی (ژاندارم/ جەندرمە) ناسرابوون، ئەو ناوەش لە وشەی (Gendarma)ی فەڕەنسی وەرگیرابوو، ئەو هێزە لە ساڵی 1911 لەلایەن بەڕێوەبەری دارایی ئێران بە ناوی (مۆرگان شۆستەر) دامەزرا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی باج و سەرانە، زۆربەی فەرماندەو ئەفسەرانی ئەو هێزە (سویدی) بوون، ئەو هێزە تا ساڵی 1921 لە ئێران بەردەوام بوو لەخزمەتکردن (ایران و جنگ جهانی اول...، 1387هـ.ش، 73 – 76، 107).

(5) قۆزاق: هێزێکی سەربازی بوو لە ساڵی 1879 لەسەر فەرمانی ناسرەددین شای قاجار (1848 – 1896) دامەزرا، ئەو هێزە لەسەر شێوازی هێزی قۆزاقی ڕوسی دامەزراو تا ساڵی 1923 بەردەوامبوون، هێزەکە لەلایەن ئەفسەرانی ڕوسی مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکراو تا ساڵی 1917 فەرمانیان لە باڵیۆزخانەی ڕوسیا وەردەگرت، یەکەمین فەرماندەی ئەو هێزە ئەفسەرێکی ڕوسی بوو بە ناوی (کۆلۆنێل دۆمانتۆڤیچ) بوو، دوایین فەرماندەشی (ڕەزا پەهلەوی/ شای ئێران) بوو. (میرزایی، 1383هـ.ش، ج1، 23 – 24، 71 – 73).

(6) پارتی دیموکرات:- ئەو پارتە پارتێکی شۆڕشگێڕی بوو لە ساڵی 1909 دامەزرا، دیارترین سەرکردەکانی بریتی بوون (حەیدەرخان، ڕەسولزادە و تەقیزادە) ئەو پارتە بە پارتی (ئیجتماعیون عامیون)یش ناسرابوو، چەند ڕۆژنامەیەکیشیان لەشارە جیاوازەکانی ئێران بەناوەکانی (بەهاری نوێ، ئێرانی نوێ، شەفەق) دەردەکرد، چالاکییەکانی ئەو پارتە بەشێوەیەکی ئاشکرا تاساڵی 1911 بەردەوام بوو، بۆیە دەستی بەچالاکی نهێنی کردو تا ساڵی 1916 بەردەوامبوو دواتر هەڵدەوەشێتەوە (صادق، 2023، 21 – 22، 26).

(7) پارتی پارێزگاران:- ئەو پارتە پارتێکی پارێزگار بوو لە ساڵی 1909 لەلایەن سەید محەمەد سادق تەباتەبایی دامەزرا، ئەندامانی ئەو پارتە کەسانی خانەدان و نزیک لەدەسەڵات و دەستڕۆیشتووی ناو حکومەت بوون، ئەو پارتە بە پارتی (ئیجتماعیون ئیعتدالیون)یش ناسرابوو، خاوەن بیروباوەڕێکی هزری دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو زیاتر پەیڕەوی لەسیاسەتێکی میانڕەوانە دەکرد، چەند ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد بەناوەکانی (شورا، وەقت، مەجلیس) چالاکیەکانی تا ساڵی 1916 بەردەوام دەبێ و دواتر هەڵدەوەشێتەوە (صادق، 2023، 22 – 23، 26).

(8) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (والدبورگر، 1379هـ.ش، 91 – 193).

(9) لەم بارەیەوە بڕوانە: (تمدن، 1350هـ.ش، 78 – 308).
(10) ئەنوەر پاشا (1881 – 1922):- ناوی تەواوی ئیسماعیل ئەنوەر پاشا بوو، یەکێک لەدیارترین سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی و فەرماندە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەدوای ساڵی 1909 بووە وەزیری جەنگ لەدەوڵەتی عوسمانی، یەکێک بوو لەوانەی هاوسۆزی ئەڵمانیا بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی، خاوەنی بیرۆکەی هاندانەی گەلانی موسڵمان بوو لەڕێگەی جۆشدانیان بە فتوای جیهادی پیرۆز، لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ و شکانی دەوڵەتی عوسمانی کۆچی کرد بۆ ئەڵمانیا و پاشان چووە تورکستان و لەوێ سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی گرتە ئەستۆ لە دژی بەلشەفیەکان و سەرەنجام لە ساڵی 1922 لە تاجیکستان کوژرا. بڕوانە: (نور، 2020، 70).
(11) حەبیبوڵلا خان کوڕی عەبدولڕەحمان خان (1901 – 1919): لەدوای مردنی باوکی لە ساڵی 1901 وەک میری ئەفغانستان دەسەلاتی گرتە دەست و تا ساڵی 1919 بەردەوامبوو، ناوبراو پەیوەندی نزیکی لەگەڵ بەریتانیا هەبوو، کە لەو ماوەیەدا ئەفغانستان لەژێر هەژموونی ئەواندا بوو، بەریتانیا دانی بەدەسەلاتی بنەماڵەکەیان نابوو لەسەر ئەو وڵاتە (غبار، 1368هـ.ش، ج1، 729 – 741).
(12) لەبارەی بارودۆخی باشووری ئێران لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) بڕوانە: (آدمیت، 1357هـ.ش، 1 – 470).
(13) زوگمایەر (1879 – 1938):- ناوی تەواوی (ئیریش یۆهان جۆرج زوگمایەر/ Erich Johann Georg Zugmayer) بوو، خەڵکی نەمسا بوو، ناوبراو زانای بواری گیانەوەرناسی بوو، لە ماوەی ساڵانی 1904 – 1906) سەردانی ئێران و تورکستانی کردبوو ئەندامی دەستەی نیدەرمایەر بوو، ئەرکی لە ناوچەکانی کرمان و ئەسفەهان و بەلوچستان لە دژی ئینگلیز ئەنجام دەدا (ارباب، 1383هـ.ش، 334 – 335).
(14) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆزی بەختیارییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی بڕوانە: (اوژن بختیاری، 1346هـ.ش، ب3، 253 – 278؛ مریم بختیاری، 1382هـ.ش، 20 – 21).
(15) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆزی قەشقایی لە جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918)، لە باشووری ئێران بڕوانە: (ایرجی، 1380هـ.ش، 29 – 135).
(16) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆزەکانی تەنگستانی و چاکوتاهی بڕوانە: (آدمیت، 1327هـ.ش، 61 – 217).
(17) لایەنگرانی ئەڵمانیا: جێگەی ئاماژەیە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی سەرچاوە ئێرانییەکان لایەنگرانی ئەڵمانیا و عوسمانییەکانیان بە ئازادیخواز ناو دەبرد، ئەمەش بەو مانایەی ئەوان لە دژی (ڕوسیا و بەریتانیا) دەجەنگان، چونکە توێژەرانی ئێرانی ئەو دوو وڵاتە لەنووسینەکانیان وەک داگیرکەر دەناسێنن. (توێژەر).
(18) ئەو کۆمیتەیە ناوی کۆمیتەی پارێزەرانی ئازادی بوو، کە لەکەسانی نەتەوەیی و ئازادیخوازو بەشێک لەفەرماندەکانی هێزی ژاندارم لە شاری شیراز دامەزرا، دواتر بوو بە پارتێکی سیاسی هەر لەژێر ئەو ناوەدا، ئەو پارتە ئامانجی هێنانە کایەی دیموکراسی و پارێزگاریکردن لە شاری شیرازو دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان بووە لە شارەکە، کە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە پشتیوانی دەکرا (آدمیت، 1357هـ.ش، 164 – 166).
(19) ئەو کتێبە لە پێشەکیەک و 6 بەش و پاشکۆی بەڵگەنامەکان لەدوتوێی (199) لاپەڕە لە ساڵی (1919) لەچاپ دراوە، پێشتر بەڵگەنامەکان بەشێوەی چەند زنجیرەیەک لەڕۆژنامەی کاوە کە لەئەڵمانیا دەردەچوو لە ساڵی 1915 بڵاوکرابۆوە، بەڵگەنامەکانی بەشی یەکەم پەیوەندی بە بەڵێن شکاندنەکانی ڕوس و ئینگلیزەکان هەیە لەسەردەمی مزەفەردەدین شا. بەشی دووەمی تایبەت بە بەڵگەنامەکانی ساڵانی (1911 – 1914)، بەشی سێیەمیش بەڵگەنامەکانی تایبەت بە دارایی ئینگلیزەکان لە ئێران لەخۆ دەگرێت لە سەرەتای جەنگ، بەشی چوارەم تایبەتە بە ژاندارم و مامۆستایانی دامەزرێنەرو فەرماندەی ئەو هێزە کە سویدی بوون، بەشی پێنجەمیش بەڵگەنامەکانی ساڵی 1915 لەخۆدەگرێت لەنیوان فەرماندەی ژاندارم و بەریتانیا، بەشی شەشەم هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەنداوی فارس لەخۆ دەگرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کشف تلبیس و دوروئی و نیرنگ انگلیس، 1919، 5 –

199).

(20) چەکدارانی باشووری ئێران (S.P.R) یاخود میلیشیای باشووری ئێران (S. P. M. P) هەروەها بە ناوی پۆلیسی نەتەوەیی ئێران (S. P. N)یش ناسرابوو، ئەو هێزە لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکاندابوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە باشووری ئێران پێکهات، ئەفسەرانی ئەو هێزە ئینگلیز بوون و تا ساڵی1922 بەردەوام بوو(سفیری،1364هـش،124– 320).

(21) ناوی تەواوی (پرێنس هێنری دۆ ڕۆیس/ Prince Henri de Reuss) بوو، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1912 – 1915) باڵیۆزی ئەڵمانیا بوو لە شاری تەهران (سپهر، 1362هـش، 43).

(22) لەم بارەیەوە بڕوانە هەریەک لە (باست، 1377هـش، 27 – 225؛ ارباب، 1383هـش، 63 – 340).

(23) لەبارەی پڕوپاگەندەی عوسمانی لە ناوچە کوردییەکان لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی بڕوانە:(ایران و جنگ اول جهانی اسناد وزارت داخله، 1381، 3 – 35).

## 7. لیستی سەرچاوەکان:

### 7. 1. کتێبە بەڵگەنامەییەکان:-


ایران و جنگ اول جهانی اسناد وزارت داخله (1381هـش)، بەکوشش: کاوه بیات، چ2، انتشارات سازمان اسناد ملی ایران پژوهشکده اسناد، تهران.

کشف تلبیس دوروئی و نیرنگ انگلیس از روی اسناد محرمانه انگلیسی در باب ایران (1919)، انتشارات کاوه، برلین.


### 7. 2. یاداشت و بیرەوەرییەکان:-

#### 1. بە زمانی فارسی:


– اخگر، سرهنگ احمد (1366هـش)، زندگی من در طول هفتاد سال تاریخ معاصر ایران، ج1، انتشارات اخگر، بیجا.

– آدمیت، محمدحسین (1327هـش)، دلیران تنگستانی، انتشارات نگاه آوا، تهران.

– ------------------------ (1357هـش)، فارس و جنگ بین الملل، ج1 – 2، چ4، انتشارات اقبال، تهران.

– اسکرین، کلارمونت (1954)، جنگ جهانی در ایران، ت: غلامحسین صالحیار، سازمان چاپ و انتشارات اطلاعات، تهران.

– اعظام الوزاره، حسن اعظام قدسی (1342هـش)، خاطرات من یا روشن شدن تاریخ صد ساله ایران، چاپخانه حیدری، تهران.

– امیر احمدی، احمد (1373هـش)، خاطرات نخستین سپهبد ایران، بەکوشش: غلامرضا زرگری نژاد، انتشارات مؤسسه پژوهش و مطالعات فرهنگی، تهران.

– اوژن بختیاری، سرهنگ ابوالفتح (1346هـش)، تاریخ بختیاری، ب3، بینا، تهران.

– اوکانر، فردریک (1376هـش)، خاطرات فردریک اوکانر کنسول انگلیس در فارس از مشروطه تا جنگ اول جهانی، ت: حسن زنگنه، نشر شیرازه، تهران.

– بهرامی، عبدالله (1363هـش)، خاطرات عبدالله بهرامی از آخر سلطنت ناصرالدین شاه تا اول کودتا، انتشارات علمی، تهران.

– تقی زاده، سیدحسن (1368هـش)، زندگی طوفانی (خاطرات سیدحسن تقی زاده)، به کوشش: ایرج افشار، انتشارات محمدعلی علمی، تهران.

– تمدن، محمد (1350هـش)، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، انتشارات مؤسسه مطبوعاتی تمدن، رضائیه و کتابفروشی اسلامیه، تهران.

– دولت آبادی، یحیی (1362هـش) حیات یحیی، ج3، چ4، انتشارات عطار، تهران.

– دیوان بیگی، رضا علی (بیتا)، سفر مهاجرت در نخستین جنگ، چ: بانک مکی ایران، بیجا.

– سایکس، سر پرسی (بیتا)، تاریخ ایران، ج2، ت: سید محمدتقی فخرداعی گیلانی، بینا، بیجا.

– سایکس، کریستوفر (بیتا)، فعالیتهای جاسوسی واسموس یا لارنس آلمانی در ایران، ت: حسین سعادت نوری، انتشارات وحید، بیجا.

– سپهر، احمد علی (1374هـش)، خاطرات سیاسی مورخ الدوله سپهر، بەکوشش: ایرج سمیعی، نشر نامک، تهران.

– ------------------- (1362هـش)، ایران در جنگ بزرگ (1914 – 1918)، نشر ادیب، تهران.

– صادق، مستشارالدوله (1367هـش)، خاطرات و اسناد مستشارالدوله صادق (راپرتهای پلیس مخفی از شایعات شهری)، بکوشش: ایرج افشار، انتشارات طلایه، تهران.

– فن میکوش، داگوبرت (1383هـش)، واسموس، ت: کیکاوس جهانداری، نشر قطره و نشر شهاب، تهران.

– کحال زاده، میرزا ابوالقاسم خان (1363هـ ش) دیدها و شنیده‌ها (خاطرات میرزا ابوالقاسم خان کحال زاده منشی سفارت امپراتوری آلمان در ایران درباره مشکلات ایران در جنگ بین المللی (1914 – 1918)، بکوشش: مرتضی کامران، نشر فرهنگ، تهران.
– گرکه، اولریخ (1377هـ ش)، پیش به سوی شرق ایران در سیاست شرقی آلمان در جنگ جهانی اول، ت: پرویز صدری، ج1، انتشارات سیامک، تهران.
– لیتن، ویلهلم (1385هـ ش)، ماه عسل ایرانی خاطرات کنسول آلمان در تبریز (1914 – 15)، ت: پرویز رجبی، نشر ماهی، تهران.
– مابرلی، ژنرال جیمز فردریک (1369هـ ش)، عملیان در ایران (1914 – 1919)، ت: کاوه بیات، انتشارات مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، تهران.
– مخبرالسلطنه، مهدی قلی هدایت (1363هـ ش)، گزارش ایران قاجاریه و مشروطیت، ج3 – 4، چ2، نشر نقره، تهران.
– مریم بختیاری (1382هـ ش)، خاطرات سردار مریم بختیاری، ویراسته: غلامعباس نوروزی بختیاری، انتشارات آنزان، تهران.
– میروشنیکف، ل. ی. (1344هـ ش)، ایران در جنگ جهانی اول، ت: ع. دخانیاتی، انتشارات امیر کبیر، تهران.
– نیدرمایر، اسکارفن (1363هـ ش)، زیر آفتاب سوزان، ت: کیکاوس جهانداری، انتشارات تاریخ ایران، تهران.
– هیربد، ح. ملکزاده (1328هـ ش)، سرگزشت حیرت انگیز یک افسر و کارمند ارشد دولت در 37 سال خدمات لشگری و کشوری که توام با وقایع مهه و اسرار مکتمومه تاریخ معاصراست، بینا، تهران.

**2. به زمانی عەرەبی:**

– نور، دکتور رضا (2020)، مذکرات الدکتور رضا نور أتاتورک و رفاقه ونهایة العثمانیین، تحریر وتعلیق: الدکتور أحمد عبدالوهاب الشرقاوي، دار البشیر للثقافة والعلوم، القاهرة–مصر.

**7. 3. ڕۆژنامە:–**

–دنیای اقتصاد (روزنامه)، 1395هـ ش، ش3839

**7. 4. نامەو تێزە زانکۆییەکان:–**

**7. 4. 1. تێزی دکتۆرا:–**

–صادق. دلزار صالح (2023)، پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران (1941 – 1953)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

**7. 4. 2. نامەی ماستەر:–**

–صادق. دلزار صالح (2016)، ژیانی پەرلەمانی لە ئێران لەنێوان ساڵانی (1906 – 1925)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

**7. 5. کتێبەکان:–**

– ارباب، معصومه (1383هش)، روابط ایران و آلمان در جنگ جهانی اول (1914 – 1918)، انتشارات مؤسسه معالعات تاریخ معاصر ایران، تهران.
– امینی، دکتر علیرضا (1382هـ ش)، تاریخ روابط خارجی ایران از قاجاریه تا سقوط رضا شاه، انتشارات خط سوم، تهران.
– ایران و جنگ جهانی اول میدان نبرد قدرتهای بزرگ. (1387هـ ش)، گردآوری و تالیف: تورج اتابکی، ت: مهدی حقیقت خواه، انتشارات ققنوس، تهران.
– ایرجی، ناصر (1380هـ ش)، ایل قشقایی در جنگ جهانی اول، چ2، انتشارات شیرازه، تهران.
– باست. الیور (1377هـ ش)، آلمانی ها در ایران، ت: حسین بنی احمد، انتشارات شیرازه، تهران.
– ذوقی، دکتر ایرج (1368هـ ش)، تاریخ روابط ایران و قدرتهای بزرگ، انتشارات پاژنگ، تهران.
– سفیری، فلوریدا (1364هـ ش)، پلیس جنوب (اس. پی. آر)، ت: منصوره اتحادیه و منصوره جعفری فشارکی، چ: نقش جهان، تهران.
– علی بابائی، غلامرضا (1375هـ ش)، تاریخ سیاست خارجی ایران از شاهنشاهی هخامنشی تا به امروز، انتشارات درسا، تهران.
– غبار، میر غلام محمد (1368هـ ش)، افغانستان در مسیر تاریخ، ج1، چ4، انتشارات محسن، کابل.
– لنزوسکی، جورج (2536)، رقابت روسیه و غرب در ایران، چ2، انتشارات جاویدان، تهران.
– مارتن، براد فورد. جي. (1368هـ ش)، تاریخ روابط ایران و المانیا، ت: پیمان آزاد و علي امید، نشر پیک، تهران.
– معتضد، خسرو (1378هـ ش)، قیصر و شاه امپریالیسم آلمان در شرق، انتشارات علمی، تهران.
– میرزایی، محسن (1383هـ ش)، تاریخچه بریگاد دیویزیون قزاق (از کلنل دومانتویچ تا رضاخان میر پنج)، ج1، نشر علم، تهران.
– هوشنگ مهدوی، غلامرضا (2535)، تاریخ روابط خارجی ایران، چ2، انتشارات امیر کبیر، تهران.
– والدبورگر، اندراس (1379هـ ش)، مبلغانی آلمانی در ایران، ت: علی رحمانی، حسین رضوی، لادن مختاری، انتشارات وزارت امور خارجه، تهران.

-وین، آنتونی (1383هـش)، ایران در بازی بزرگ سر پرسی سایکس کاشف، کنسول، سرباز، جاسوس، ت: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر پیکان، تهران.

**7. 6. سایت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان-**

- International Encyclopedia of the first world War(1918 – 1914)

- https://database-aryana-encyclopaedia.blogspot.com/2014/09/oskar-von-niedermayer.html#ftn3.

### انشطة الجهاز المخابرات الالمانية في ايران خلال الحرب العالمية الاولى (1914 —1918)، في نظر المصادر الفارسية

**دلزار صالح صادق**
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – اربيل,إقليم
كوردستان,العراق
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**الملخص**
خلال الحرب العالمية الأولى (1914–1918)، أعلنت إيران رسمياً حيادها في الحرب، لكن نظراً لموقعها الاستراتيجي لم يحترم حيادها وأصبحت ساحة لتسوية الحروب والصراعات بين القوى الكبرى المشاركة في الحرب. وشهدت البلاد نشاطا استخباراتيا خلال هذه الفترة. وخاصة أنشطة المخابرات الألمانية، عندما ذهب العديد من مبعوثي المخابرات الألمانية إلى إيران تحت اسم القناصل والدبلوماسيين السياسيين، مباشرة بعد ذهابهم إلى البلاد بدأوا أنشطتهم ضد كل من بريطانيا وروسيا، ولنجاح مخططاتهم لجأوا إلى جميع أساليب الحرب المسلحة المختلفة لقد هاجموا القنصليات واجتذبوا سياسيين وشخصيات وأحزاب ومنظمات سياسية إيرانية وحرضوا القبائل الإيرانية المختلفة ضد البلدين. ولا شك أن ذلك أثر على انقسام إيران بين طرفي الحرب العالمية الأولى، فشهدت البلاد عدم استقرار سياسي وعسكري واقتصادي وأصبحت مسرحا للغزو والاشتباكات العسكرية بين الجيوش البريطانية والروسية والعثمانية. وانهارت البنية التحتية البشرية واستمرت حتى نهاية 1918.
**الكلمات المفتاحيية:** ايران، جهاز المخابرات الالماني، نيدرماير، فاسموس، شونمان.

### German Intelligence Service Activities in Iran during the First World War (1914 – 1918), According to Persian Sources

**Delzar Salih Sadiq**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**Abstract**
During the years of the First World War (1914-1918), although Iran officially declared its neutrality in the war, but due to the strategic location of this country, its neutrality was not respected and became the arena for settling the wars and conflicts between the great powers participating in the war. One of the phenomena that this country witnessed during this period was intelligence activities, especially German intelligence activities, in which many German intelligence agents went to Iran under the name of consuls and political diplomats They went to that country and started their activities against both Britain and Russia ،and in order to succeed in their plans ،they resorted to all different forms of armed war ،killing political missions, attacking consulates, attracting Iranian politicians, personalities, parties and political organizations ،and encouraging the different tribes and tribes of Iran against these two countries, there is no doubt that this had an effect on the division of Iran between the two sides of the warring countries of the First World War. During this period ،the country experienced a state of political ،military and economic instability and became the scene of military clashes between the British, Russian and Ottoman armies, which resulted in extensive damage to the country's economic and human infrastructure and continued until the end of 1918.
**Keywords:** Iran, German Intelligence Service, Nedermyer, Wassmus, Shunchman.